بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر

## "جیهانی شارستانی" لەکویدایە، بەربەرییەت حەتمی نییە

لاپەرە ٩

ژمارە (12) 15/9/2017 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# خەڵکی کوردستان، نابێ هیچ خۆشباوەڕیەکیان بە پەرلەمان و کاراکردنەوەی هەبێت!

## وتەی ژمارە

دوای چەندین خول لە کۆبونەوەی دووقۆلێ و چەندقۆڵی نێوان حزبە سیاسیەکانی کوردستان، باس هاتوتە سەر کاراکردنەوەی پەرلەمان. دیارە ئامانج لە کاراکردنەوەی پەرلەمان یان دوبارە دەست بەکاربوونی، ئەوە نییە کە پەرلەمان دەزگایەکی تەشریعی و قانوونیە، یان دەزگایەکی کارا و خاوەن حقوقییەو دەتوانێت نەخشێکی بەرچاو وازی بکات. مێژووی پەرلەمان و دەزگای پەرلەمان لە کوردستان، ڕۆشنە کە هەرگیز دەزگایەکی حساب بۆکراوی یاسایی نەبووە. هەرگیز دەزگایەک نەبووە کە تیایدا یاسا دەربکات و هێزی جێبەجێکردنی هەبێت، یان توانیبێتی چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتەوە بکات. لە راستیدا پەرلەمان دیاری دوو دەسەڵاتی میلیشیایی بووە بۆ داپۆشینی ئەو میلیشیابوونەیان. هەر وەکو چۆن حکومەتیش دەزگایەک بووە بۆ داپۆشینی دەسەڵاتی بێ ئەملاو لای حزبی باڵادەست و دەسەڵات ڕۆشتوو. هەر بۆیەشە هەمیشە حکومەت و پەرلەمان موچەخۆری حزب بوون و وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و تۆرە فراوانەکەی چوار دەوریان، قورمیشکراوی دەسەڵاتی حزبی دەستڕۆشتوو بوون بۆ نیشاندانی رووی یاسایی و حقوقی ئەو دەسەڵاتە، بەڵام بەو هۆیەوە دەسەڵاتی حزبی هەیمەنەی زۆر بەرجەستەتر بووە لە ناو ئەو حکومەت و پەرلەمانەدا، بۆیە سەرباری هەموو هەوڵکیان نەیانتوانیوە پەرلەمان و حکومەت وەکو دوو دەزگای دانپیانراو جێ بخەن. دیارە هۆکاری بنەرەتیش بۆئەم دۆخەی حکومەت و پەرلەمان ئەوە بووە، کە حکومەت و پەرلەمانی بێ مافی دەسەڵاتدارێتی یاسایی، حکومەتی بێ مافی حوکمرانی، ناتوانێت لەوە باشتر بێت.

ئەوەی کە ئێستا ئەو حزبانە دڵیان خۆشە بە کاراکردنەوەی پەرلەمان، یان کاراکردنەوەی پەرلەمان بە دەستکەوت و گێرانەوەی دەسەڵات بۆ دەزگا شەرعیەکان دەزانن، لە بنەرەتدا بەدوای ئامانجی زۆر دیاریکراوی حزبی وەن.

بۆ پارتی کە هەموو و جومگە هەستیارو کاریگەرەکانی دەسەڵاتی لەدەستی خۆیدا قۆرغ کردووە، ئامانج لە کاراکردنەوەی پەرلەمان ئەوەیە کە بەرگی یاسایی بەبەر پرسی ریفراندۆمدا بکات و هەموو حزبەکان بکاتە بەشدار لەو پرسەدا و لەو ڕێگایەشەوە دەنگە نارازییەکان کپ بکاتەوە، هەروەها لەو ڕێگایەوە ئەوەی کە ناویان ناوە یەک ریزی ماڵی کورد!!" ناکۆکیەکان و گرژیەکانی نێوان حزبەکانی ناو خانەوادە بۆرژوازی کورد، خاوبکاتەوە یان لانی کەم ئەو ئاستە لە گرژی هەڵپەسێرێت، بۆ دەورەی دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان.

بۆ یەکێتی نیشتیمانی، کە هێزیکی لەناوخۆدا داوەشاو لە ئاستی رابەری، وێرانەو بێ رابەر، بێ پرۆژە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وابەستە بوونی کەسایەتیە بڕیار بەدەستەکانی بە پرۆژە قازانجێهێنەرەکانیان لەگەڵ پارتی، هیچ رۆڵێکی بۆ یەکێتی نەهێشتۆتەوە ئەوە نەبێت، رۆڵی ناوبژیوانی و ئاو بەسەر ئاگردانی ململانێی نیوان پارتی و گۆراندا، بکات. دیارە لەونێوەشدا چاوەروانی پاداشتە لە پارتی بۆ ئەو رۆڵەی دەیگێرێت، تا لە پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان و ریفراندۆم و پشکی پۆست و داهاتدا، شاباشی رۆڵەکەی وەرگرێت.

بۆ بزوتنەوەی گۆڕانیش کاراکردنەوەی پەرلەمان، بۆتە کردەیەکی ناچاری. لەلایەکەوە لە ژێرگوشاردایە، بەو هۆیەوە لەلایەکەوە پارتی مەرجەکانی گۆرانی قبوڵ کردووە، لەلایەکی ترەوە خەریکە تەریکترو تەریکتر دەبێتەوە. رێکەوتننامەکەی لەگەڵ یەکێتی بەشوێنێک نەگەیشت و ئاسۆیەکیش بۆ بەشوین گەیشتنی نییە. لە سەرئاستی شەقامیش بۆتە هیزێکی بێ جوڵە و بێ نەخش و بێکارە. لە رووی سیاسیەوە بێدەنگ و هیچ پرۆژەیەکی وەکو ئەڵتەرناتیف لەبەردەستدا نییە. هەموو ئەوانە وایان کردووە، مل بە بژاردەیەک بدات، لە ئێستاشدا کە مەسەلەی ریفراندۆم گەرمە و بێ تەفاوەتی

بۆ لاپەرە ٢

## پێشێلکارییەکان، لە هەڵمەتی بانگەشەی ریفراندۆمدا بەرەو هەڵکشان دەچن...لە بەرامبەردا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هوشداری دەدات ل٢




## نارەزایەتی جەماوەری لە بەرامبەر ڕاسیزمدا پەیکەری سیمز بێنە خوارێ!..ل6

## داڕوخانی دەستوری سیناریۆی ڕەش! ل ٤

## چۆن کوشتارو ئاوارەیی لە بۆرما دووبارەو سێ بارە نابێتەوە! ل ٣

## ژاپۆن شیعاری" نا بۆ کارکردن تاوەکو مردن" بەرزدەکاتەوە ل٥

## هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان! ل٧

## سێ ستراتیژو ریفراندۆم ل١٠-١١



## ل ٨ پرسی ژن

# لەبەرامبەر پەرەسەندنی پێشلکاریەکاندا، لە هەڵمەتی بانگەشەی ریفراندۆمدا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دێتە دەنگ..

لە گەڵ نزیک بوونەوەی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، هەڵمەتی بانگەشەی ریفراندۆمیش لەلایەن حزب و لایەنە سیاسی و لیستەکانەوە، بەرەو تونبوونەوە دەچێت و هاوکات پێشلکاریەکانیش روو لەزیادبوون دەکەن، بەتایبەتیش لەلایەن حزبە دەسەڵات بەدەستەکان و بەتایبەتیش پارتی... لەبەرامبەر بەو دۆخە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەیاننامەیەکی لە ژێر ناونیشانی" **دابینکردنی ئیمکانیەتی پێویست و ئازادیی رادەربرین لە پرۆسەی ریفراندۆمدا مافی هەموو لایەنێکە!** دەرکردووە کە وینەیەکیشی بۆ ئێمە نێردراوە... لە بەشیکی بەیاننامەکەدا هاتووە" **دابینکردنی ئیمکانیەتی یەکسان بۆ هەموو لایەنەکان (لایەنگر یان مخالفی ریفراندۆم، بە بەڵێ یان نەخێر) بۆ ئەوەی بتوانن رای خۆیان لە کەمپەینێکی چڕوپڕو هەمەلایەنەیەدا بە جەماوەری خەڵک بگەیەنن، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە لانی کەم بەرپاکردنی ریفراندۆم لە کەشوهەوایەکی سیاسی ئازادو دوور لە هەر جۆرە رێگریەک دەستەبەر دەکات.**

**بەڵام نەک هەر ئەمە بە هیچ جۆرێک دابین نەکراوە، بەڵکو تا ئێستا چەندین پێشێلکاری لەبەرگرتن بە ئازادی ڕادەربڕین و هێرش بۆسەر ئەوانەی کە بە پێچەوانەی رای دەسەلاتەوە هەڵویستیان گرتووە، ئەنجامدراوە. دیاردەی هەڕەشە و چاوسورکردنەوە و سیاسەتی تەخوین لە لابەلای راگەیاندنەکانی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندا، بەتایبەتی پارتی، خۆی دەنوێنێت".**

**لەبەشیکی تردا دەڵێت:"...حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات کە مێژوویەکی درێژی هەیە لە خەبات بۆ سەپاندنی مافی خەڵکی کوردستان لە بەرپاکردنی ریفراندۆم و ساڵەها لەسەر نەسەلماندنی ئەم مافەی خەلکی کوردستان لەگەل حزبە دەسەڵاتدارەکان کێشمەکێشی کردوە، لەگەڵ دەربرینی نارەزایەتی توندی خۆی لەم رەفتارانەی دەسەڵات، پاندبوونی خۆی لە بەرگری لە ریفراندۆمیکی واقعی دوور لە هەرجۆرە زەخت و زۆر و قۆرخکاریەک رادەگەیەنێ. بە پێچەوانەوە هەڵوێستی توندی دەبێت بەرامبەر بەگاڵتەجاڕکردنی ریفراندۆم".**

## قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار

## بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە... چوار ژنی کرێکار لە کاتی کار کردن لە کورەخانەدا، بە هۆی تەقینەوەی گازەوە بوون بە قوربانی.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ڕۆژی چوارشەممە ٨ی خەرمانان، دو ژن و دو کچی خەڵکی شاری مەهاباد لە کاتی کارکردن لە یەکێک لە کورەخانەکانی پارێزگای "ئازەربایجان" بە هۆی تەقەینەوەی گاز، بوونە قوربانی و بە تووندی بریندار بوون.

هەواڵنێری هەنگاو لە شاری مەهاباد ناسنامەی ئەو قوربانیانەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: شەهلا محەممەدزادە تەمەن ٣٥ ساڵ، سۆزان عومەری ١٤ ساڵ، سازگار عومەری تەمەن ٩ ساڵ و هەروەها فاتمە ئیبراهیم زادە تەمەن ٥٠ ساڵ .

ئەم چوار کەسە بە مەبەستی چاوەدێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانە سینای شاری تەورێز گوازراونەتەوە.

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەبیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە /
www.bopehsawa.net

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

## درێژەی وتەی ژمارە...

بەرامبەری خۆکوژی سیاسییە، بۆیە بەناچاری هاتنەوەی بۆ پەرلەمان تاکە رێگەیە. خۆ ئەگەر هێشتاش گۆران ئامادەنەبێت بە هاتنەوەی بۆ ناو پەرلەمان و نەبێتە بەشیک لە هیزی کاراکردنەوەی، ئەوە زۆرتر گوشاری ناوخۆیی و کێشە ناوخۆیەکانیەتی کە رێگرن، نەک هیچی تر... دەتوانین بڵێین، لە ئێستادا وەگەرخستنەوەی پەرلەمان بۆتە ناچارییەک بۆ زوربەی لایەنە سەرەکیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، بە تایبەتیش بۆ یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی برا بەشی تاڵانکاری بۆتە پێویستیەک کە ئەو پەرش و بڵاویەی هێزەکانی سەرساحەی سیاسی کوردستان، لە هەلومەرج و کەشی گەرمی ریفراندۆم و بانگەشەی سەربەخۆیدا، داپۆشن. گۆرانیش ناتوانێ تاسەر بە لۆژیک و پێوانەی کورسی و ئاکامی هەڵبژاردنەکان... ململانێ لەگەڵ هێزی میلیشیایی بکات. گۆران نەک ٢٤ کورسی، ٦٠ کورسیش بهێنێت، ناتوانێت دەسەڵات و قەڵەمرەوی دەسەڵاتدارێتی و داهات و جومگە سەرەکیەکانی حکومدارێتی میلیشیایی لەدەست پارتی یان یەکێتی دەربهێنێت. بە تایبەتیش کە لەسەر ئاستی شەقام و کایەی سیاسیش تەواو پەراوێز و بێ نەخشەیە.

ئەوەی کە جێگای پێداگری لەسەر کردنە دوبارەکردنەوەی دەرگای پەرلەمان، جگە لە خاوکردنەوەی کاتی ململانێی حزبی لەدۆخی ناو پرسی ریفراندۆمدا... هیچی ترنییە.

خەڵکی کوردستان، پەرلەمانی!! کارا و ئیفلیج و دووقوڵێ و پێنج قوڵێ... ئەزموون کردووە و لەهەموو حاڵەتەکاندا ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکان و ئازادییەکان و مافە زۆر سەرەتاییەکانیشیانیشیان، هەر وەکو خەونی وەدی نەهاتوو ماوەتەوە. تەنانەت پەرلەمان ئەوەندە دەزگایەکی هیچی بێ ناوەرۆکە... وا دووساڵە دەرگاکەی داخراوە، بێ ئەوەی لەباری کردەییەوە، هیچ کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگە بوو بێت...

دیارە پارتی و یەکێتی، خۆیان باش دەزانن پەرلەمان هیچ بەهایەکی نە سیاسی و حقوقی و یاسایی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشی نییە.. وە دەزانن دەرگای کراوە بێت یان داخراو بێت، هەموو داهات و جومگەکانی دەسەڵاتدرایێتیان لە دوو زۆندا لەبەردەستە و هێزی خۆیان بە پێی محەکی کورسی ناپێون و لەجێگای ئەوە محەکی هێز و هێزی چەکدار بریار دەدات. کێشەی سەرەکی حزبی گۆران ئەوەیە، کە هێشتا لە خەوێکی قوڵدان و بە لۆژیکی کورسی و بەمحەکی دەنگی هەڵبژاردن، دەیانەوێ ببنە هاوبەشی یەکیتی و پارتی و هاوسەنگی هێز لە کوردستان بگۆڕن. ئەمەش نەناسینی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی خاوەن میلیشیایی بێ ناسنامەی وڵاتی و حقوقییە.

خەڵکی کوردستان، نابێ هیچ خۆشباوەریەکیان بە پەرلەمان و کاراکردنەوەی هەبێت. کاراکردنەوەی هیچ لەژیان وگوزەرانی ئەوان ناگۆڕیت و ناتوانێت گرفتە زۆر و زەوەندەکان و بەتایبەتیش گرفتە بنەرەتیەکانی کۆمەڵگە وەڵام بداتەوە. خستنەوە گەری پەرلەمان تەنانەت لایەنی بریاردەر بۆ پرسی ریفراندۆمیش نییە، هەر وەکو تائێستا چەند جار سەرانی پارتی و یەکێتی رایان گەیاندووە کە ریفراندۆم پێویستی بە پەرلەمان و یاسایی پەرلەمانی نییە... ئەوەی کە گرنگە بە تایبەت بۆ پارتی ئەوەیە کە دەیەوێت لە پرسی ریفراندۆمدا، هاودەنگی زیاتر حزبەکان زامن بکات.. کاراکردنەوەی پەرلەمان، بۆ یەکیتی و گۆڕانیش بۆتە ناچارییەک بەهۆی نەبوونی هیچ بەدیل و ئەلتەرناتیفێک لەبەرامبەر بە جوڵە و نەخشەو پرۆژەکانی پارتیدا و سەرئەنجامیش بۆ ئەوەی پاساوی خۆ جوتکردن لەگەڵ ریفراندۆمدا زامن بکەن... کاراکردنەوەی پەرلەمان و بەرگی یاساییکردن بەسەر پرسی ریفراندۆمدا، بۆتە رێگایەک بۆ گەرانەوەیان بۆ ناو چەقی سیاسەتی رۆژ لە کوردستاندا، کە لە ئێستادا ریفراندۆم سەنتێزیەتی.

## لە راستیدا پەرلەمان دیاری دوو دەسەڵاتی میلیشیاییە، بۆ داپۆشینی ئەو میلیشیابوونەیان

## بەڵێ بۆدادگایی کردنی بەرپرسانی ڕژێمی سێدارەی ئیسلامی ئێران !! عبدالرحمن رسول



لەتەواوی کۆمەڵگەی ئێراندا، بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی ئیسلامی بەدرێژایی چەندین ساڵە زۆرترین لەمرۆڤەکان بەسەرجەم نەتەوەو ئایین ورەگەزە جیاوازەکان دەچەوسێنەوە، لەناو هەموو نەتەوەکاندا نەتەوەی کورد بەشێوازی زۆر دڕندانەو بێبەزەیانەتر دەچەوسێتەوە، سیستەمی کۆماری ئیسلامی کەبەهۆی لەسێدارەدانی تێکوشەرانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردەوە لەدونیادا ناسێندراوە بەکۆماری ئیسلامی سێدارە.
چەندین دۆسیەی کۆمەڵکوژی وبەکۆمەڵ لەسێدارەدانی هەڵسوڕاوانی سیاسی ورۆشنبیری و فەرهەنگی ...هیتدکورد هەیە کەلەلایەن دادگاکانی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانەوە ئەنجامدراوە، کەپێویست دەکات سەرانی ئەوڕژێمەی لەسەری دادگایی بکرێن و سەرجەم دۆسییەکان ڕەوانەی دادگایی نێودەوڵەتی بکرێن کەبەرپرسانی ڕژێم تاوانباران لەئەنجامدانی تاوانی گەورەی بەکۆمەڵی لەسێدارەدانی گەنجان ولاوان وهەڵسوڕاوانی ژنان و سیاسی وئەدەبی وڕوناکبیری، تەقەکردن وکوشتنی کۆڵبەرانی زەحمەتکێشی کورد لەسەرسنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەکانی شارەکانی بانەو سەردەشت وناوچەکانی ترکەنزیکە لەسنووری باشووری باشووری کوردستان. بەپێی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان ڕۆژانە کۆڵبەرانی زەحمەتکێش لەلایەن سوپای پاسدارانی ڕژێمەوە لەسنوورەکانەوە بەتەقە ڕاویان دەنێن و زۆرجار دەبنەقوربانی، ئەمانەو دەیان سەدان نموونەی تر هەیە لەتاوان و کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێم کە دژبە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامی داوە وبەردەوامە لەئەنجامدانی.
پێویست دەکاو دەبێ لەشوێنێک بەری پێبگیرێت وڕابگیرێت. سڵاولەهەموئەوانەی کەبۆبژێوی ژیانیان گیانی خۆیان لەسەرلەپیدەستیاندا دەنێن وکۆڵبەری دەکەن، بەڵام لەپێناوی پوڵ و پارەدا سەری خۆیان شۆڕناکەن نابنە جاسوو کرێگرتەو ئیتلاعات.. سڵاو لەگیانی ئەومرۆڤانەی کە لەپێناو بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕوویی مەرگ بوونەوە، نەفرەت لەستەمکارو زۆرداروداگیرکەران.

دوابەدوایی گیان لەدەستدانی دووکۆڵبەری تربەهۆی تەقەکرنی ڕاستەوخۆیی هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەمەرزی بانە، لە١٣/خەرمانانی ١٣٩٦دوو کۆڵبەرەکە بەناوەکانی(حەیدەرفەرەجی)٢١ساڵ و (قادربەهرامی) ٤٥ساڵ. خەڵکی شاری بانە بۆناڕەزایەتی دەربڕین لەدژی کوشتنی کۆڵبەران چوونەبەردەم فەرمانداری شاری بانە، دواترشارەکانی سنەو سەردەشت ومەریوان وچەندین شاری تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە سەرشەقامەکان. خەڵکی ناڕازی خوازیاری کۆتاییهێنان بەقەتڵ وکوشتنی کۆڵبەران بوون لەناوچە سنووری یەکان، بەڵام کاربەدەستانی ڕژێم هەروەک ڕابردوویان گوێیان لەداواکاری خەڵک نەگرت و بەپێچەوانەوە ڕژێمی ئیسلامی ئێران هەنگاوی ناوە چەندین کەسیان لە چالاکوانان و خۆپیشاندەرانیان دەستگیرکردو خستەزیندانەکانەوە. هەروەها لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وباشووری کردستان هێزی زۆری نیزامی ئەمنێتیەکانی جێگیر کرووە هەتاوەکو هەمووجوڵەو هاتووچۆکان کۆنترۆڵ بکات. ئەم هێزانە خەڵکی کۆڵبەر ئازاردەدەن وباجیان لێ دەستێنن، کەلوپەلەکانیان تاڵاندەکەن، ئەیاندەنە بەرگوللە.
کۆڵبەری کارێکی زۆر دژوارو پڕمەترسییە کەهەمووجۆرە مەترسێکی مەرگ هێنەری لەکەمیندایە.
خەڵکی لەناچاری کاری کۆڵبەری دەکات، بێکاری لەناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران لەسەروویی پەنجا لەسەدەوەیە. لەناوکۆڵبەراندا تەمەنی پانزەساڵ دەبیندرێت و تەمەنی سەرووی شەست وپێنچ ساڵە وخەڵکی گیرۆدە بەنەخۆشی وجۆراوجۆری دەبیندرێت،.
پێویستە هەمولایەک پشتیوانی لەداواکاری وخواستەکانی کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی ئێستای ناڕازی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. پێویستە لەسەرکوشتنی کۆڵبەران ولەسێدارەدانی گەنجان ولاوانی کور بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بدرێنە دادگایی نێودەوڵەتی و هەروەک تاوانباران سزابدرێن. لەساڵی ڕابروو بەشێک لەکەسایەتیە نێونەتەوەییەکان و نوێنەرانی کۆمەڵگەکانی ئێران لەئەوروپا لەسمینارێکداکەلە١٣/خەرمانانی١٣٩٥هەتاوی لەپاریسی فەرەنسا پێکهاتبوو، داوایانکردووە دادگایەکی تایبەت بۆدادگایکردنی بەرپرسانی ڕژێمی ئێران پێکبێت.
ئەوداواکارییە بەهۆی لەسێدارەدانە بەکۆمەڵەکانی هەزاران زیندانی سیاسی لەساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی(١٩٨٨زایینی)، چەندین کەسایەتی سیاسی جیهانی بەشداربوون لەوسمینارەدا لەوانە(ئێد ڕندێڵ) سەرۆکی کونوانسیۆنی حیزبی دیموکراتی ئەمریکاو فەرمانداری پێشووی پنسیلوانیا، بێرناردکۆشنێر وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا وستروان ستیۆنسیۆن سەرۆکی دامەزراوەی ئەوروپایی ئازادیی عێراق ونوێنەری پێشووی پەرلەمانی ئەورووپاش ئامادەبوون. سەرجەمیان بەرچاوڕوونیان هەبووە لەسەر سەرکوت وبەڕێوەچونی لەسێدارەدان لەسیستەمی ئیسلامی ئێراندا. ئێدڕندێڵ وێڕای ئاماژە بە لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی زیندانیانی سیاسی لەساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی گووتوویەتی: چ شتێک لەوەپڕ ئازارترە کەوەزیری دادی ئێران یەکێک لەئەندامانی کۆمیتەی مەرگ لەوکوشتارە بەکۆمەڵانەدا بووە. بێرنارد کۆشنێر وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا گووتوویەتی :تەنهالە١٩٨٨ نەبوو کەئەو کۆمەڵکوژی و لەسێدارەدانانە ڕوویدەدا بەڵکو هەرئێستاش لەئێران ئەو کوشتارانە هەیە. ئێران ساڵی ٢٠١٥زێدەترین لەسێدارەدانی لەجیهاندا هەبووە. ستروان ستیۆنسیۆن گووتوویەتی: لەمەڕ ٣٠٠٠٠سی هەزار کەسی لەسێدارەدراو لەساڵی١٩٨٨چ ڕوویدا؟ ڕاستی ڕۆژئاوا هەرهیچ کارێکی لەمبارەوە نەکرد.
خەڵکی ئێران بەگشتی وخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەردەوام لەژیان وگوزەرانێکی کوللەمەرگی وکۆیلەیی و جەهەنەم ئاسا دەگوزەرێن، بەهۆی بەڕێوەچوونی سیاسەتی کۆنەپەرستی ودژە ئینسانی ڕژێمی سێدارەی ئیسلامی یەوە بەردەوام کێشەو گرفتەکانیان زیاددەکات....

بۆ لاپەرە ٤

## چۆن کوشتارو ئاوارەیی لە بۆرما دووبارەو سێ بارە نابێتەوە!

نووسینی: نوری بەشیر



ئەوەی لەبۆرما (میانمار) ڕوودەدات، کوشتارێکە لەسەر بناغەی دینی و قەومی سەری هەڵداوە، ئەوەی کەدەوترێ خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئێستا دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و کەمایەتین و بەرگی ئیسلامیان بەبەردا کراوەو ناو دەبرێن بەوەی ئەوەی کەخەڵکی ڕۆهینگای خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە نین و غەیرە دینن، ئەوەی کە ڕەسمیەت دەدرێت کە زۆربەی وڵاتەکە بەرگی بودی بەبەردا بکرێت، ئەوە حکومەت و دەسەڵاتەکەی ڕەسمیەت بەوە دەدات و لەشکرکێشی بەناوی حکومەتی زۆربەی بۆدیەوە دەکات و لەنێوان کۆمەڵکوژیەکاندا لایەنگری زۆربەی دەسەڵاتداری قەومی یان دینی دەکات بەدژی کەمایەتی، ئەوە بەرنامە بۆ داڕێژراوە و دەیەوێت شەڕو کوشتار لەسەر ئەساسی قەومی و دینی درێژە پێبدات، ئەوەی فرمێسکی تیمساحی تەنیا بۆ هاو دینەکەی یان هاو قەمەکەی دەڕێژێ، ئەوە ناتوانێت و نایەوێت لەو شوێنانەدا کۆتایی بە کوشتارو ئاوارەیی بێنێت.
بۆ هەموو ئینسانێکی بەویژدان و ئینساندۆست، ڕۆژانە هەواڵەکانی میدیا لەو تراژیدایایەی ئێستای بۆرماوە، تا کوشتاری بەکۆمەڵی یەزیدیەکان و کوشتارگاکانی تری موسڵ و سوریا چ لەلایەن هێزەکانی بەشار ئەسەدو هێزە ئیسلامیەکانی ترو لەسەرویانەوە داعش لەوڵاتەدا بەرییان خستووە، تا دەگاتە کوشتاری ڕۆژانەی یەمەن، ناتوانێت فرمێسک و ئاهو حەسرەت یەخەیان نەگرێت و دژی نەبن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەگەر کەسانێک نیگەرانیان بۆ ئەو کوشتارە لە نیگای قەومی بوون یان ئیسلامی بوونەوە بێت، نەک ئینسانی بوونەوە، ئەوە تەنیا گۆشەیەک لەکوشتارەکە نیشاندەدات کە ڕەنگە دووبارەو چەند بارە بێتەوە.
ئەوەی کوشتارو ئاوارەیی میانمار، وەک ئەوەی بەرگی بودی زۆربەو ئیسلامی کەمایەتی، قەومی دەسەڵات و بێدەسەڵات، خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە و خەڵکی ناڕەسەنی وڵاتەکە و دینی ئەسڵی و غەیرە دینی بەبەردا کراوە و دەبینێت و نایەوێت ئەوە ببینێت کە ئەو کوشتارە چەند بارە دەبێتەوە، ئەوەی کە ئیسلامیەکان لەجیهاندا تەنها فرمێسکیان بۆئەوەیە ئەوە ئیسلامیەکانن لەوێ دەکوژرێن، ئەوە کوشتی یەزیدیەکان نابینن کەبەدەستی ئیسلامیەکانی داعش کۆمەڵکوژ کران و ژنان کرانە کۆیلەی جنسی، ئەوەی کوشتاری کوردەکان بەدەستی سەدام حسین لەلایەن دەسەڵاتی زۆربەی دەسەڵاتی بۆرژوا قەومی عەرەبیەوە نەدەبینی، بۆ هەمیشە دابەشبوونی کۆمەڵگە لەسەر ئەساسی قەومی بەزۆربەو کەمایەتی دابەش دەکات و لەگۆشەیەکدا ڕەوایەت دەدات بەکوشتارەکە. ئەوەی کە بۆکۆحەرامی کەمایەتی ئیسلام دەبینێ و کوشتاری ژنان و تیرۆری غەیرە ئیسلام لە نایجیریا ڕەسمیەت پێدەدات، بەهەمان شێوە تیرۆرو تەقاندنەوەکانی ئەو کەمایەتیە لە جەرگەی ئەوروپا لەژێر ناوی کوشتاری غەیرە دینی ئیسلام ڕەواج و ڕەوا نیشاندەدات کە وڵاتانی ئەوروپای گرتۆتەوە لەلایەن داعشی ئێستا و گروپە ئیسلامیەکانی پێشوتری لەچەشنی قاعیدەوە.
کەواتە ڕۆشنتر بڵێین، کوشتارەکانی ئەمرۆی جیهان بەبۆرمای ئێستاوە، کە سەرمایەداری و دەسەڵاتە چاوچنۆکە بۆرژوازیەکانیان و کوشتارو جەنگەکانیان، دەسەڵاتەکانیان بە دەسەڵاتی زۆربەی کۆمەڵگەی فڵانە قەوم و فڵانە دین دەناسێنێ و ناونانی ئەوانی تر بەکەمایەتی فڵانە دین و فڵانە قەوم، هەر ئەو دەسەڵاتانەن کەکۆمەڵگە بە دەسەڵاتی بەهێزی پیاو زەعیفی ژنان پێناسە دەکەن و ژنان دەکەن قوربانی بەهەموو شێوەکان و منداڵان ڕەوانەی بازاڕی کاری گەورە دەکەن.
کاتێک دەسەڵاتی بۆرژوازی و سەمایەداران لەهەر شوێنێکی دنیادا، نایانەوێت کۆمەڵگە لەسەر ئەساسی هاوڵاتی بوون دامەزرێت و ئەم بەرگەی دەکەن بەبەردا، بەرگ کردنە بەری دەوڵەتی هەموو قەوم و دینەکان و هەموو پێکهاتەکان، بۆخۆی ناو هێنانی پێکهاتەیە بەزۆربەو بەکەمایەتی، بە قەومی گەورەو بەقەومی بچوکەوە، بە دینی زۆربەو بەدینی بچوکەوە، وە ئەو کۆمەڵگەیە ئامادەیە هەموو کات وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو بتەقێتەوە، هەموو تراژیدیەکانی ڕەوەنداو بۆسنەمان بیست و بینی و ئێستاش نموونەی بۆرماو، ڕوودانی کارەسات لە عێراقێک کەلەسەر ئەساسی فیدراڵیەتی قەومی و دینی دامەزراوە، لەبەردەمدایە.
بەداخەوە لەغیابی کۆمۆنیزمێکی بەهێز و لەمەیداندابوونی چینی کرێکاری هوشیارو ڕێکخراو، دەرگای بەڕووی سەرمایەداریدا بەهەموو ئەزمەو فەسادو گەندەڵی و تیرۆرو کوشتارو جەنگ و جیاوازی خوازیەکانیەوە، درێژە بە کوشتارەکانی دەدات و بەردەوام دەبێت لەچەشنی کۆمەڵکوژی یەزیدیەکان، سوریەکان، موسڵیەکان، کوردەکان، یەمەنی و نایجیریەکان و تا دەگاتە کوشتاری ڕۆژانەی ژنان و بێحومەتی ڕۆژانە پێیان و نەبوونی هیچ مافێکی منداڵان، ئەم سیناریۆ و تراژیدیە ئینسانیانە بێشەرمانە لەخودی میدیای حزب و دەسەڵاتە بۆرژوازی و سەرمایەداریەکانەوە بڵاودەبێتەوەو نیشانی کۆمەڵگەی بەشەری دەدرێت.
ئەگەر هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست، هەر حزب و لایەنێک بیەوێت، کوشتاری میانمارو هاوشێوەکانی دووبارە چەند بارە نەبێتەوە، ئەبێ داوا بکات، یاساکانی بۆرما و هەموو وڵاتەکان بگۆڕێت لەسەر ئەساسی هاوڵاتی بوون دامەزرێت و هیچ بەرگێکی قەومی و دینی و تایفی بەبەردا نەکرێت، ئەمەش بۆ سوریاو یەمەنی سبەینێک و بۆ عێراق و هەروەها کوردستانی دوای جیابونەوەش ڕەوایە و ڕاستە، ئەگەرنا شەڕەکان هەموو ڕۆژێک بەبەهانەیەکی قەومی و دینی و تایفی ئامادەیە بەردەرگا بەخەڵکەکەی بگرێت و کۆمەڵکوژی ئاوارەیی ئینسانەکان لەمیدیاکانەوە نیشانبدرێت.

# داڕوخانی دەستوری سیناریۆی ڕەش!

نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد



١٢ ساڵ لەمەوبەر سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد؛ بارزانی و تاڵەبانی و نەوشیروانی ئەندازیاری دەستوری سیناریۆی ڕەش، هاوکات لەگەڵ سەرانی ناسیۆنالیستە عەرەب و تائیفەچیەکان؛ عەلاوی و چەلەبی و حەکیم و سەدر و هەموو دەوروبەرەکەیان، فریوکاریەکی گەورەیان بەرپاکرد و خەڵکی عێراقیان بە چاوبەستراوی ڕاپێچی دەنگدان بە دەستورێک کرد کە دواتر بوو بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەو دۆخە کارەساتبارەی بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا هات، لەوانە شەڕی تائیفی و توندبونەوەی دووبەرەکی و کینەی قەومی. ئەوکات گفتی ئەوەیان بە خەڵک دەدا کە لەسایەی ئەو دەستورەدا ئاسۆیەکی روناک و پڕ لە خێر و خۆشی بۆ خەڵکی عێراق فەراهەم دەبێت. ئەمڕۆش دەیانەوێ خەڵک پەلکێشی ژێر دیوارە داڕوخاوەکانی ئەو دەستورە بکەن. بارزانی دەستور دەکات بە بنەمایەکی شەرعی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، حکومەتە قەومی و ئیسلامیەکەی عەبادیش هەمان دەستور دەکات بە بنەمایەکی شەرعی بۆ هەڕەشەی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان. بۆ بەرگرتن بەوەی ئەم دیوارە بەسەر خەڵکی ستەمدیدە و ئازادیخوازی عێراقدا نەڕوخێت، دەبێ بە لێدانی گورزی کۆتایی لەم ڕەوتی داروخانە تەحقیق بکرێت و ڕێگانەدرێت بەچکوپینە تەمەنی درێژبکرێتەوە.

١٢ ساڵ بەرلەئێستا کاتێک ئەم سەرۆک قەوم و تائیفانە شایولۆغانیان بۆ ئەم دەستورە دەگێڕا، من لە وتاری "دەستوری سیناریۆی ڕەش"دا وتم کۆڵەکەیەکی دیکەی *ئەم ڕەشنوسە تاسەرمۆخ کۆنەپەرستانەیە، شۆفینیزم و قەومپەرستی و دەمارگیری قەومیە. لە پێشدا دەیەوێ هاوڵاتیان بەپێی پیناسەی قەومی دەستەبەندی بکات، بەم پێەش خەتی سورو دیواری ئەستور لە نێوانیان دابنێ، وەکو کۆمەڵێک بونەوەری جیاواز لەیەک، کە هەرکامیان بەپێی زمانی قسەکردن دەیانکات بە بونەوەرێکی تایبەت و ماف و بەرژەوەندی جیاواز و ناکۆک بە یەکیان بۆ دادەتاشێت، لەبەرامبەر یەکتر ڕایاندەگرێت. پاشان لەسەر ئەم بناغەیە لە ناو قەوارەیەکی یەکپارچەدا، ماف و زەوی و ئاو و ئوکسجینی وڵات بەسەریاندا دابەش بکات. هاوڵاتی بە پێناسەی مۆدێرنی هاوچەرخ، لە کۆمەڵگەی عێراقدا بەبێ پاشگرێک کە هەویەی قەومی بەبەردا دەکات، هیچ مانایەکی نەماوەتەوە. "کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلدان.."*.تەنانەت زۆرێک لەو دەستەواژە کۆن و بەسەرچوانەی کە لە بیری هاوڵاتیان چونەتەوە، هەموو لەم ڕەشنوسەدا دەمەزرد کراونەتەوە بە وێنەی پێناسەی میللی هاوڵاتیان تۆمارکراون."

وتمان ئەم دەستورە مافی هاوڵاتی بوون لە هاوڵاتیان زەوت دەکات، لە جیاتی ئەمە خەڵک دەستەبەندی دەکات بەسەر قەوم و تائیفەکاندا و لەسەر ئەم بناغەیەش داهات و دەسەڵات لە نێوان سەرەک قەوم و تائیفەکان دابەش دەکات. هەر لەو وتارەدا هاتووە؛ "*لە سایەی دەستورێکی بەم جۆرەدا هیچ هاوڵاتیەک تا ناسنامە میللیەکەی دەرنەهێنێت، نازانێ چ مافێکی هەیەو چی پێدەبرێت.*"

وتمان ئەم دەستورە کۆنەپەرستانە و بنەمایەکە بۆ ئەبەدیەتدان بە ناکۆکی و شەڕ و کێشەی قەومی و تائیفی لە کێشمەکێشی بەردەوام بۆ کەم و زیادکردنی بەشی ئەم سەرەک قەوم و تائیفانە. هەر لەوێدا هاتووە؛ "*ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم قەوم و عەشیرە و مەزهەبانە ڕەقیبی یەک و خاوەن بەرژەوەندی ناکۆک بەیەکن. بۆیە شەڕی دەرهێنانی بەشی زیاتر لە سکی ئەوی تر، هەمیشەو هەموو ڕۆژە لە ئارادا دەبێت. لە هەموو فرسەت و ئاڵوگۆڕ و لێکترازانێکی هاوکێشەی سیاسیدا، جارێکی دیکە دابەشکردنەوەی بەشەکان دێتەوە گورێ و لەم پێناوەشدا دەورەی تازەی کێشمەکێش دەست پێدەکاتەوە. ئەو جەماوەرەی کە بە زۆر مۆری قەومی لە نێوچەوانیان دراوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی ناکۆک بە یەکیان هەبێت، دەکرێنە خۆراکی شەڕ و کێشەی دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان حەکیم و جەعفەری و عەلاوی و تاڵەبانی و بارزانیدا.*"

ئەوەی ئەمرۆ دەگوزەرێ دروست ئەو سیناریۆیەیە کە بە تەواوی پێشبینی کراوبوو. ئۆباڵی هەر دڵۆپێک خوێن کە لە شەڕی قەومی و تائیفیدا ڕژاوە یان دەڕژێت، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی خەڵکیان راپێچی دەنگدان بەو دەستورە کرد.

ئەمڕۆ ناسیۆنالیستە کوردەکان بەوپەڕی حەماسی نەتەوەپەرستیەوە، لۆمە و سەرزەنشتی فراکسیۆنە "عەرەب"یەکانی پەرلەمانی عێراق دەکەن لەسەرئەوەی بە شیعە و سونەیانەوە یەکیانگرتووە دژی "کورد- ڕفراندۆم"! دەڵێن ئەمە دووەم جاریانە و چونکە پێشوتریش بە هەمان شێوە دژی "هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک" هەمان کاریانکرد! بەڵام ئەم جەنابانە لە بیریان کردوە کە ئەمە یاسای یاریە قەومپەرستانەکەیانە کە لە دەستوردا داڕێژاوە. ئێمە وتمان ئەم دەستورە "بۆمبیکی گەورە و کۆکوژە کە لە نێو ئەم ڕەشنوسی سیناریۆی ڕەشەدا چێنراوە." بۆچی ماف بە خۆیان دەدەن "فراکسیۆنە کوردیەکان" سەرباری ئەوەی لە نێوخۆیاندا خەریکە یەکتر دەخۆن، بەڵام هەمیشە لە بەرامبەر "عەرەبەکاندا" یەکدەست دەبنەوە، بەڵام هەمان ماف بۆ بەرامبەرەکەیان بە ڕەوانابینن؟!

ئەزمونێک کە دەبێ لە گشت پرۆسەی ١٤ ساڵی رابردوو وە بە تایبەت لە دەستوری قەومی ئیسلامی وتائیفی وەرگیرابێت، ئەوەیە کە جارێکی تر ڕێگا نەدرێت لە هیچ گۆشە و بستە خاکێکدا دەسەڵات و دەستور لەسەر بناغەی قەومی و دینی بێتە دامەزراندن و ئەوەشی هەیە دەبێ خاپور و وێران بکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ سەرانی کوردایەتی بانگیشەی بۆ دەکەن و وەکو زیادەڕۆیی لە لوتکەی پروپاگەندەی ریفراندۆمدا ناویان ناوە یەکسانی، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی "پێکهاتەکانە نەک دەوڵەتی قەومی کوردی". ئەمەش مانایەکی نیە جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەزمونی کۆنەپەرستانەی ١٤ ساڵی ڕابردووی عێراق. دیسانەوە دەیانەوێ بەپێی دەستور ئەمجارە هاوڵاتیانی کوردستان بەپێی قەوم و دین دەستەبەندی و مافەکانیان پلەبەندی بکەن. خەڵکی کوردستان نابێ جارێکی تر رێگا بە دووپات بوونەوە ئەو ئەزمونە پڕکارەساتە بدەن کە دوای ١٢ ساڵ بەرەو داڕوخان دەچێت. ڕێگای ئەمەش پێداگری و سەپاندنی دەوڵەت و دەستورێکی غەیرە قەومی و غەیرە نیە کە قەومیەت و دیانەتی هاوڵاتیان لەبەرچاو نەگرێت و هەموو دانیشتوان لەسەر بناغەی هاوڵاتی لە هەموو ئاستێکدا مافی یەکسانیان هەبێت.

## درێژەی... بەڵێ بۆدادگایی کردنی بەرپرسانی ...

ڕژێم لەهەولی بەڕێوەچوونی پلان وبەرنامەی دژە بەشەری دایە لەوانە پەرەسەندنی سیاسەتی نەژادپەرستانە و دژبەیەکڕیزی پێکەوەژیانی نەتەوە جیاوازەکان. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپارێزگای ورمێ لەهەولی سڕینەوەی ناوە کوردییەکان لەدوکان وشەقام وپارک ومەیدان وکۆڵانەکان ودانانی ناوی تورکی وفارسییە. ئەم دیاردەیە بەردەوام لەپەرەسەندایە. بێگومان ئەمەش بەشێکە لەسیاسەتی دژەئینسانی ڕژێم دژ بەخەڵکی کوردزمان. ناونانی دوکان و ومەیدان و کۆڵان وپارک مافێکی ڕەوای خەڵکە کە ئازادانە چۆنیان بوێت ئەوناوە لەوشوێنە یان دوکانە بنێن. پێویستە خەڵک مل بەم سیاسەتە دواکەوتوانەو دژەکورد بوونە نەدات و بەهەرجۆرێک بۆیان دەکرێت دژایەتی بکەن. پێویستە ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەسەر ئەنجامدانی تاوانە دژەئینسانییەکان لەدژی خەڵکی کوردستان لەدادگایی نێونەتەوەیی بەرپرسەکانی دادگایی بکرێن. پێویستە خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کورد گرووپ وتیمی جۆراوجۆر دروست بکەن وحیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەهەر جیاوازێک هەیانە بێنە سەرخەت بەیەک تیمی یەکگرتوو هاوبەش کاربکەن وهەنگاوی کرداری بنێن بەیەکەوە نەک بەجیا ئامادەباشی باش بکەن بۆ بەدواداچونی سەرجەم کۆمەڵکوژی و سێدارە وتاوانە دژە ئینسانییەکان. پێویستە بەردەوام وەک فشارێکی بەهێز لەناوەندە نێودەوڵەتییەکان داوای دادگاییکردنی بەرپرسانی ڕژێمی سێدارەی ئیسلامی ئێران بکرێت. لەم چەند مانگەی ڕابردوو و لەچەند شاری ئێران بەکۆمەڵ گەنجان ولاوان وهەڵسوڕاوانی سیاسی ورۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی کورد لەژنان و پیاوان لەسێدارەدران،بەچەندین کوڵبەری زەحمەتکێش لەسەرسنوورەکانی ڕۆژهەڵات وباشووری کوردستان دەبنە قوربانی کەدەیانەوێت شەرەفمەندان و شەریفانە ژیانی خۆیان وخانەوادەکەیان بگوزەرێنن. هەرئێستا چەندین لەگەنجان ولاوانی ژن وپیاوی چالاکوانی ڕۆژنامەنووس وسیاسی ورۆشنبیری وهونەری وئەدەبی لەناو زیندانەکانی ڕژێمدان ئەگەر خەڵک بەهانایانەوە نەچن لەڕۆژانی داهاتوو گوێبیستی هەواڵی لەسێدارەدانیان دەبین. هەربۆیە پێویستە بەردەوام یەکگرتوانە بەهاوبەشی تێکۆشان بکەین و ناڕەزایەتییەکان لەدژی یاسا کۆنەپەرستەکانی سیستەمی ئیسلامی ئێران پەرەپێبدەین و ڕۆژانە شەقامەکانی وڵاتان جمەی بێت لەناڕەزایەتی لەدژی ئەورژێمە کۆنەپەرستە.

## دواکارییەکی دۆستانە

**هەموو سایت و ماڵپەرو گۆڤارو رۆژنامەو پەیجەکانی فەیس بووک و هەرکەسێک...ئازادە لە دوبارە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی بۆپێشەوە، بەڵام داوامان ئەوەیە کاتێک بابەتێکی بۆپێشەوە لای خۆیان بڵاودەکەنەوە، ئاماژە بەسەرچاوەکەی بدەن... لەگەڵ سوپاسی زۆرماندا...**

**بۆپێشەوە**

# ژاپۆن شیعاری" نا بۆ کارکردن تاوەکو مردن" بەرزدەکاتەوە

## نووسین و ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید



نوێنەران لەپەرلەمان و خاوەن کۆمپانیاکان لە ژاپۆن لە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی سەعات کار، و بەدەستهێنانی هاوسەنگیەکی باشتر لە نێوان کار و ژیان لەبەرژەوەندی فەرمانبەران. ئەمەش هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانێکی گەورە کە کاری کردۆتە سەر بەرهەمهێنان.

حکومەتی ژاپۆن لەو کەمپینەی لەم دواییانەدا دەستی پێکردوە؛ بەهیوایە ئابووری باشتر بکات و ڕێگە لە فەرمانبەرانی(بەژن و پیاوەیەوە) بگرێت لە کار" تاوەکو مردن". ئەم کەمپینە لەم دەستەواژەیە کورتدەکرێتەوە" چاکسازی لە بەرنامەی کار" لە وڵات. بەشێوەیەکی گشتی؛ ئەم شیعارە ئامانجیەتی گۆڕانکاریەک لە کەلتووری شوێنی کار بکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیەی لە ژاپۆن بە" کارتۆشی" یان" مردن لەبەر زۆری کارکردن" ناسراوە. هەروەها ئامانجی ئەم دەستەواژەیە؛ کە سەرۆک وەزیران(شینزۆ ئاپی) بانگەشەی بۆدەکات، بریتیە لە کەمکردنەوەی سەعات کاری زیادە، و بەدەستهێنانی هاوسەنگیەک لە نێوان ژیان و کاردا. هەروەها سوود وەگرتن بەشێوەیەکی باشتر لە توانایی ژنان و بەساڵاچوانی کارگەر. ئەم شیعارەی کە لە مانگی ئابی ٢٠١٦ ەوە دەستی پێکردوە، بووەتە شیعارێکی نیشتمانی، دوای ئەوەی ئاپی وەک وەزیر لەحکومەتەکەیدا دەستبەکاربوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.

### وانەکان لە ژاپۆن: چۆنیەتی لادان لە" مردن لە زۆری کارکردن"؟

لەوە دەچێت کە کەلتوری سەعات کاری زۆر و بەپێی سیستەمی هەرەمی توند، ئەو کەلتورەی کە خزمەتێکی باشی وڵاتی کرد لەماوەی گەشەی گەورە لە شەستەکان تاوەکو هەشتاکان، ئێستاکە گۆڕاوە بۆ درکێک لە گەرووی وڵاتدا. بەپێی ئاماری بەرهەمهێنان لە ژاپۆن لەپاشەکشەدایە بۆ کەمترین ئاستی خۆی لە نێوان کۆمەڵەی ٧ وڵاتە پیشەسازیەکان، وە بۆئاستی کەم لە ڕێکخراوی هەرەوەزی ئابووری و گەشە. لەگەڵ هەڵکشانی هێزی کاری بەساڵاچوو، و کەمبوونەوەی ژمارەیان، تاکە هیوای ژاپۆن لە گەشەسەندنی ئابووری بریتیە لە زیادکردنی بەرهەم هێنان.

لەسەر داواکاری حکومەت، زۆرێک لە شوێنەکانی کار بەرەو کەمکردنەوەی سەعات کاری زیادە هەنگاو دەنێن بۆ جێبەجێکردنی شیعاری ئەو کەمپینە، و پاڵپێوەنانی کرێکاران بۆ بەجێهێشتنی شوێنی کار لەکاتی زووتردا. هەروەها کوژاندنەوەی ڕووناکی لە ئۆفیسەکان لەکاتی دیاریکراوی ڕۆژدا. یان پێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن فەرمانبەرانەوە بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی پێشوەخت بۆمانەوە لەشوێنی کار بۆ کاتێکی درەنگتر.

یەکێک لەو گۆڕانکاریانەی دیکە؛ کە بەم دواییانە لە ژاپۆن هاتۆتە بینین کارکردنی فەرمانبەرانە لە دوورەوە، وە پشتیوانی ژنانە لە شوێنی کار، و پێشکەشکردنی پشتیوانی پێویست بۆ ئەوانەی منداڵیان هەیە وەک ( کەمکردنەوەی سەعات کاری دیاریکراو).

لە دیاردەیەکی تایبەتی ژاپۆندا، یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆن لە کۆتایی هەموو نامەیەکی ئەلکترۆنی تایبەت بە خۆیدا، داوای لێبووردنی پێشوەخت لە کڕیارانی دەکات بۆ هۆی دواکەوتنی وەڵامی نامەکانیان، کە هۆکارەکەی کەمکردنەوەی سەعات کارە. یەکێک لە کارە باوەکان لە ژاپۆن دروستکردنی شیعارێکی دیاریکراوە بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری کێشەیەک، لە ناو کۆمپانیاکە یان لە ئاستی نەتەوەیی.

### ژاپۆن: پاداشتی ماڵی" بۆ هەرکەسێک کە زوو کار جێبێڵێت"

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا؛ حکومەت هەڵمەتێکی ڕاگەیاند بۆ هاندانی کۆمپانیاکان بۆ سنورداركردنی بەکارهێنانی دەزگای فێنکەرەوە، و ڕێگەدان بە فەرمانبەران بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی نا فەرمی لە ماوەی وەرزی هاویندا. ئەم هەڵمەتە سەرکەوتنێکی زۆری بەدەستهێنا، و کۆمپانیاکان ئەو ڕێوشوێنەیان بەشێوەیەکی فراوان گرتەبەر، بەجۆرێک ئەو فەرمانبەرانەی کە ئارەقی زۆر دەکەن لە مانگی ئابدا کاتی کۆبوونەوەکان، ئاماژە بەسەرکەوتنی ئەو هەڵمەتە دەدەن.

لە بەرامبەردا، ئەو دەستپێشخەریەی کە کراوە بۆ بەجێهێشتنی زووی شوێنی کار لە لایەن فەرمانبەرانەوە لە ڕۆژی دوایین هەینی لە هەموو مانگێکدا، فەشەلێکی گەورەی هێناوە. لە ڕاپرسیەکدا دەرکەوتووە کە دوای دوایین هەینی مانگی شوباتی ساڵی ڕابردوو، ٣,٧%ی فەرمانبەران شوێنی کاریان لەو ڕۆژەدا زوو جێهێشتوە. وادیارە ئارەزوویان بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستپێشخەریە لە پاشەکشەدایە.

### بەڵام چۆن دەتوانرێت " چاکسازی بەرنامەی کار" لە ژاپۆن کارا بێت؟

بەپێی تازەترین ڕاپرسی، دەرکەوتوە کە کۆمپانیا گەورەکان هەوڵی زۆر دەدەن بۆ کردنی گۆڕانکاری لە کەلتوری کارکردن لە ژاپۆن. لە کاتێکدا کۆمپانیا بچووکەکان هەوڵ دەدەن بۆ فەراهەمکردنی ژمارەی پێویست لە فەرمانبەران، هەروەها زیادکردنی داهات، کەمتر ئەو حەماسەیان تێدا دەردەکەوێت بۆ ئەو گۆڕانکاریە.

ئەمەش ئەستەمیەکی دیکەیە لە کەلتوورێک کە ناخی داکوتاوە لە ژاپۆن. وەک بەهای ڕۆحی نواندن لە خۆماندوکردن و قوربانی دان، ئەمەش کرێکاران هاندەدات بۆ بەسەربردنی سەعات کاری زۆرتر لەشوێنی کار.

ڕوودانی گۆڕان لە سروشتی خەڵکی ژاپۆن بەم زوانە ئەستەمە. ئەوەش پشتیوانی دەکا لە سەعات کاری درێژ لە ڕۆژدا. ئەمەش تەنیا ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە تا درەنگانێک لەسەر کار دەمێننەوە.

هەروەها زۆرێک لە کۆمپانیاکان سەرمایەگوزاری لە ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا دەکەن بۆ یارمەتیدان لە باشترکردنی بەرهەم، و فەرمانبەرەکانیش سوود لە بەرنامەی لە دوورەوە کارکردن بکەن.

لەوانەیە گۆڕانکاری ڕیشەیی سەخت بێت لە بەرنامەی کار؛ بەبێ گۆڕانکاری کردن لەو یاسا سەرەکیانەی کە پەیوەستن بە کارکردنەوە.

لە پێناو وەستانەوە لەبەرامبەر ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی ئیستغلالکردنی فەرمانبەران و هانیان دەدات بۆ کارکردن لە کاری زیاد، بەبێ وەرگرتنی پارە لە بەرامبەردا. حکومەت پێویست دەکات کە یاساکان بگۆڕێت لەو بارەوە. بەڵام هیچ ئاماژەیەک نابیندرێت بۆ ڕوودانی ئەوە لە ماوەی نزیکدا.

زۆرێک لە فەرمانبەران بەشێوەیەکی تر سەیری ئەو دەستپێشخەریە ژاپۆن دەکەن" چاکسازی لە بەرنامەی کارکردن" . تەنانەت هەندێکیان هەندیک لە پیتەکان و بڕگەی دەستەواژەکەیان گۆڕیوە کە ماناکەی دەکاتە" فشار هێنان بۆ کارکردن".

لە ڕاپرسیەکی تازەدا کە پتر لە ٥٠٠٠ فەرمانبەری گرتەوە. نزیکەی ٨٥% یان ئەو دەستپێشخەریەیان" چاکسازی لە بەرنامەی کارکردن" کە لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە یان لەڕێگای هەندێک کۆمپانیای دیکەوە بیستوویانە، کۆمپانیاکانیان هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. لەوەش زیاتر، فەرمانبەران هەست بەدڵە ڕاوکێ دەکەن لەو ماندووبوونەی کە دەیبینن نەوەک نەگەن بە ئامانجی دیاری کراو.

بەنموونە، زۆرێک لە کۆمپانیاکان هەوڵدەدەن بۆ کەمکردنەوەی سەعات کاری زیادە، بەبێ کەمکردنەوەی ئەرکی کار و داواکاری کار لە فەرمانبەران. ئەمەش بەئاشکرا دەبێتە هۆی ئامادەبوونی فەرمانبەران لەسەر کار لە کاتی زوودا، وە کارکردن لەکاتی پشوەکانی نانخواردندا، یان تەنانەت بردنەوەی دۆسیەکان بۆ ماڵەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تەواونەکراوەکان.

### تێگەیشتنی ژاپۆنیەکان لە بەدەستهێنانی بەختەوەری لە ژیان و کاردا:

لەپێناو کردنی گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە کەلتوری کارکردن لە ژاپۆن، پێویستە کۆمپانیاکان هەڵسوکەوت لەگەڵ کارکردە ناتەندروستەکان بکەن، کە دەبێتە هۆی پاڵپێوەنانی فەرمانبەران بۆ کارکردن بۆ ماوەی درێژ، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری دەبێت لەسەر بەرهەم.

لەو هەڵسوکەوتانە کە پێویستە ڕووبەڕووی بنەوە، گرتنی زۆرێک لە کۆبوونەوەی ڕۆژانە، پشتبەستن بە زۆری کاری نووسینی سەر وەرەقە، پشتبەستن بە سەرپەرشتیاری توند، و هەیکەلی هەرەمی توند.

ڕەنگە ئەو دەستپێشخەریە سەرکەوتنێکی خێرا نەگات لە ژاپۆن، بەڵام دەبێتە هەوڵدانێکی گرنگ بۆ پاڵپێوەنانی خەڵک بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە گریمانە و باوەڕبوونی بناغەیی تایبەت بەشێوەی کارکردن لە ژاپۆن.

بە دانپیانان بە پاشەکشەی ڕێژەی بەرهەم هێنان لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتوەکان، لەوانە (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا)، ڕەنگە بۆ ئەوانەی دەرەوەی ژاپۆن بەسوود بێت کە لەو بیرۆکەیە فێربن.

سەرچاوە/ http://www.bbc.com/

**دەبێ کاری پیشەیی بۆ مناڵان و تازەلاوانی خوار تەمەن ١٦ ساڵ، قەدەغە بکرێت!**

# ناڕەزایەتی جەماوەری لە بەرامبەر ڕاسیزمدا

نووسینی:Dolores Cox وەرگێرانی: شوان عەزیز



من ئەو نووسینەم کە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەو مەبەستە نیە کە دژایەتیەکم هەبێت لەگەڵ زانستی پزیشکی دا وە لە هەمان کاتیشدا من هەمیشە هیوام خواستووە کە ئەو زانستە زیاد گەشە بکات، و بەرەو پێشەوە بڕوات، بەڵام دەبێت لە خزمەتی ئیسساندا بێت بە گشتی نەک بۆ چینێکی دیاریکراو. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە نیشانی بدەم ئەوەتە کەسانێک لە ژێر بیانووی پێشخستنی زانستی پزیشکیدا، لە ژمارە نەهاتوو تاوانیان دژ بە مرۆڤ کردووەو ئەوەی کە بە خەیاڵیاندا نەهاتووە مافی مرۆڤ بووە. هیچ ڕێزێکیان بۆ مرۆڤێک دانەناوە کە لە ڕەگەزی خۆیان، ڕەنگی خۆیان وە لە خۆیان نەچوو بێت. نەک هەر لە بواری زانستی پزیشکیدا بەڵکو لە هەربوارێکی تردا هەر کەسێک پێش هەر شتێک ئینسان نەکاتە چەق و خاڵی سەرەکی لە سوود پێ گەیاندن ئەوە کاری ئەو کەسە نابێت ڕێزی لێ بگیرێت. وە نابێت بخرێتە مێژووەوە، وەک پاڵەوانی مرۆڤایەتی بەڵکو دەبێت بخرێتە مێژووەوە وەک دوژمنی مرۆڤایەتی. تەنانەت لە بواری سیاسەتیشدا هەروایە. هەر ڕابەرو سەرکردەیەک کە کارەکانی، بۆچوونەکانی وە هەوڵەکانی لە خزمەتی ئینسساندا نەبوون، پێویست ناکات بخرێتە مێژووەوە وەک سەرکردەی مێژوویی ورۆحی و باوکی هەژار و پشتی مرۆڤایەتی و شتی لەو بابەتە. بۆ نموونە دوکتۆر جەیمس ماریۆ ((Dr. James Mario کە تاوانی ئاشکراو دڕندە ئاسای دەرهەق بە ڕەگەزی ڕەشپێستی ئەمەریکی و ئەفەریقی کردووە، کەچی ئێستا دوای چەندین سەدە لە مردنی بە باوکی زانستی پزیشکی دەناسرێت و هەروەها وەک خێرخوازو و بەخشندە پەیکەری نەمری بۆ کراوە. کە لە ڕاستیدا هیچی وانیەو مێژووی ئەو دوکتۆرە ڕێک پێچەوانەکەی نیشان دەدات. لەو نووسینەدا نووسەر دەچێتە ناو ووردەکاری مێژوویی ئەو دوکتۆرەوە، هەر بۆیەش جەماوەر ڕازی نابن پەیکەری لە شارەکەیاندا بە بەرزی ببینرێت وەک پاڵەوانی مێژوو لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا. چونکە ئەمە بە ڕیسوایی دەزانن بۆ سەر خۆیان... **تێبینی: وەرگێڕ**

## دانیشتوانی گەڕەکی هارڵێم لە ناو شاری نیویۆڕک دا لە بەرامبەر ڕاسیسزم دا دێنە سەر شەقامەکان.

دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی گەڕەکی هارڵ (ast Harlem) دەڵێن دەبێت پەیکەری جەیمزی ڕەگەزپەرست لاببرێت.

خەبات لە هەڵکشاندایە بۆ لابردنی پەیکەری ڕەگەزپەرست دوکتۆر جەیمزماریۆن سیمزکە لە ناوەڕاستی پارکی ناوەندی شاری نیویۆقک دا دانراوە. سیمز بە باوکی دوکتۆری ژنان ناسراوە. وا باوە کە دوکتۆر جەیمز پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری پزیشکیدا بەدەست هێناوە، بە تایبەتی لە نەخۆشی ژنان و بەشی مناڵبووندا. هەموو ئەمانەی کاتێ بەدەست هێناوە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەکانی بووە لەسەر ژنانی ڕەش پێست کە کۆیلە بوون لە ئەمەریکادا وبە شێوەیەکی دڕندانە بە دوور لە هەر ڕەووشتێک نەشتەرگەری لەسەر ئەو ژنانە ئەنجام داوە بەبێ بەنج و بێ خەواندنیان و بێ ڕەزامەندی خۆشیان. هەروەها تاقی کردنەوەشی لەسەر کردوون.

پڕۆژەی سەدی گەنجانی ڕەش، لە ١٩ی ئابی خۆپیشاندانێکیان کرد لە بەردەم پەیکەری ئەو دوکتۆرەدا کە دەکەوێتە گەڕەکی پێنجەم لە ڕۆژهەڵاتی هارڵێم لە ناو شاری نیویۆڕک دا، و داوایان دەکرد ئەو پەیکەرە لاببرێت. هەروەها ڕێکخراوەکانی تریش ناڕەزایەتیان بە شێوەیەکی بەرچاو نیشان دا.

بزووتنەوەی نیشتیمانی بۆئەوەی شوێنەوارە کۆنەکان نەهێڵێت هەر بەدوای ئاژاوەی سپی پێستە ڕەگەزپەرستەکان کە لە شاری چارڵۆتزڤیلس( Charlottesville) ئەنجامیان دا، بووە هۆی هاندانی چالاکوانانی ناوخۆ کە بچنە پێش بۆ لابردنی پەیکەری دوکتۆر سیمز.

تەنانەت لە ٢٦ی ئاب کەسێک چوبوو لە سەر پەیکەرەکەی نووسیبوو:" ڕەگەزپەرست".

مەلیسە مارک ڤیڤێڕیتۆ -Melissa Mark Viverito))، قسەکەری ئەنجوومەنی شاری نیویۆڕک، کە یەکێک بوو لەوانەی کە لەو کامپینەدایە، لە ساڵی ٢٠١١ وە ، لە پرێس کۆنفرانسی ٢١ی ئاب دا ڕایگەیاند کە دەبێت ئەو پەیکەرە دابگیرێتە خوارەوە. ئەو وتی" کە کارەکانی سیمز زۆر قێزەوون بوون و خەڵک ڕقی لێ دەبنەوەو هەروەها لە ڕووی ئەخلاقیەوە نا درووست بوون وە دەبێت بدرێتە بەر ڕەخنە"(دەیلی نیووز،٢١ئابی).

دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی هارڵێم زۆر دەمێکە کەمپینیان بەڕێ خستووە بۆ لابردنی ئەو پەیکەرە کە پێیان وایە ڕیسواییە بۆیان . لە تازەترین دەنگداندا لەو ناوچەیە ڕێژەیەکی بێ حەد لایەنگری لابردنی ئەو پەیکەرە بوون.

## تاقیکردنەوەی پزیشکی = تەعزیبدان ..

ستیڤ بنجامین (Steve Benjamin)کە ئەمەریکیەکی بەڕەگەز ئەفریقاییە و پارێزگاری کۆلۆمبیا ئێس سیە لە دوای ڕووداوەکەی چارڵۆتزڤیل((Charlottesvilleئەم مەسەلەیەی هێنایە بەرباس. ئەو وتی : "ئەو پەیکەرە ئابڕووبەرەی سیمز کە لە ناوچەکەیاندایە دەبێت بهێنرێتە خوارەوە. چونکە ئەو بۆ چەندین ساڵ ئازاری ژنانی کۆیلەو منداڵانی داوە لە ئەنجامی کاری تاقی کردنەوەی پزیشکی لە بواری ژنان و منداڵبووندا"(ئێم ئێس ئێن بی سی،ئابی ١٥).

سیمزی خاوەن کۆیلە ئەو نەشتەرگەریانەی ئەنجام داوە لە ساڵەکانی نێوان ١٨٤٥-١٨٤٩ دا لە بەشی خوارووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە بێ ئەوەی لە بواری نەخۆشی ژنان و مناڵبووندا هیچ ڕاهێنانێکی پێشتر بینیبێت. بۆ نموونە لە ویلایەتی ئەلەبامادا سەدان نەشتەرگەری ئەنجامداوە لە سەر ژنە کۆیلەکان کە خۆی خاوەنیان بووەو یاخود لە خاوەن کۆیلەی تری خواستوون. هەندێک جاران ئەو تاقیکردنەوەیەی لە سەر دوازدە ژن بۆ چەندین جار ئەنجام داوون، و هەندێک جاری تریش تەنها لە سەر یەک ژن لەو ژنانە سی جار ئەو جۆرە تاقیکردنەوە نەشتەرگەریانەی ئەنجام داوە، و ئەوەش زۆر جاران بووەتە هۆی مردنی چەندین ژن.

خاوەن کێڵگەکان ژنانی کۆیلەی خۆیان بردووە بۆ دوکتۆر سیمز بۆ چارەسەر،هەتا بە بەردەوامیش لە توانایاندا هەبێ کار بکەن و منداڵی زیاتریش بەرهەم بهێنن و ژمارەی کۆیلەکانیش لە هەڵکشاندا بێت. کۆیلەکان هیچ مافێکیان نەبووە و وەکو کاڵاو شتومەکی خاوەن کۆیلەکان حیسابیان لەگەڵ کراوە، و خاوەنی ژیان و لەش و هێزی خۆیان نەبوون. سیمز ئەم تاقیکردنەوانەی لەسەر پیاوە کۆیلە ڕەشەکانیش ئەنجام داوە.

نامە زۆرەکانی سیمز کە لە پاشی بەجێماون، بە ڕوون و ئاشکرا زمانی خاوەن کۆیلە نیشان دەدەن کە پڕە لە شێواندن و دروستکردنی وێنای ڕاسیستی لەسەر لاشەی ژنە ڕەش پێستەکان. لە دوای تاقیکرنەوە سەرکەوتووەکانی لەسەر ژنە ڕەشەکان کە بێ بەنج دەیکردن، ئینجا لەو شێوە نەشتەرگەریانەی بە بەنجەوە بۆ ژنانی سپیپێست لە ناو شاری نیویۆڕک ئەنجام دەدا.

هەستێکی ڕەگەزپەرستی کە ئەوکات باوەڕیان لەسەری بووە، ئەوە بووە کە خەڵکی ڕەش هەستیان بەئازار نەکردووە. هەر بۆیەش دوکتۆر لە کاتی نەشتەرگەریەکانی پێویستی بە بەکارهێنانی بەنج نەبووە. ئەمەش لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی کە لە ئەمەریکادا توندو و تیژی و سەرکوت لە بەرامبەر ڕەش پێستەکاندا برەوی هەبووە. وە هەروەها بەڵگەیەکی تۆقێنەرە لەسەر پەیوەندی نێوان کۆیلایەتی و زانستی پزیشکی لە ئەمەریکا. وە لە لایەکی تریشەوە یەکتربڕین و بەیەک گەیشتنی نێوان ڕەگەزو و زانستی پزیشکیدا دەردەخات.

هارڕییەت واشنگتۆن( Harriet Washington) بە شێوەیەکی چڕ لەسەر ئەم مەسەلەیە و تاوانەکانی سیمز نووسیویەتی لە کتێبە نایابەکەیدا بە ناوی :زانستی پزیشکی جوداخوازی، مێژوویەکی ڕەش لە تاقیکردنەوەی پزیشکی لەسەر ئەمەریکاییە ڕەش پێستەکان لە سەردەمی کۆلۆنیالیەوە تاکوو ئێستا(Doubleday,٢٠٠٧)

مناڵی تازە لەدایکبووی ئەو کۆیلە ڕەشپێستانە تووشی نەخۆشی گزاز دەبوون بەهۆی ئەوەی کە جیا دەکرانەوە لە ویڵداش وناوکیان دەبڕین بە ئامڕازی پیس، وە ئەمەش دەبووە هۆی ئازاریان وە تووش بوون بەو نەخۆشیە و لە ئەنجامدا مردنیان. ئێستا دەزانرێت کە ئەوە لە ئەنجامی هەژاری و بارودۆخێک دا بووە کە ژیانی ئەمانەی تێدا تێپەڕیوە.

بەڵام سیمزی ڕەگەزپەرست ئەم نەخۆشیەی بەستۆتەوە بە هۆی کەمتەرخەمی کۆیلە ئەفریقیەکانەوە. هەروەها ئەو پزیشکە دڕندەیە نەشتەرگەری زۆر سامناکی لەسەر چەندین کۆرپەلە بە بێ بەنج ئەنجام داوە. بۆیە هەموو ئەو کۆرپەلە و منداڵانە مردوون. لە کاتێکا تاوانەکانی ئەو دوکتۆرە بوونەتە هۆی مردنی ئەو مناڵانە، کەچی هاتووە خەتاکەی داوەتە پاڵ بێ موبالاتی دایکەکانیان و مامانەکانی ئەو کۆرپەلانە.

سەرباری ئەوەی کە دوکتۆر سیمز ئەو تاوانانەی ئەنجام دابوو، کەچی هات نەخۆشخانەی ژنانی لە شاری نیویۆڕک دامەزراند لە ساڵی ١٨٥٥.لە نێو ئەو نەخۆشخانەیەدا چەندین نەشتەرگەری لەسەر ژنانی بێ چارە ئەنجامدا بە بەردەوامی. وە هەروەها سەرباری ئەوەش کە ئەو دوکتۆرە مێژوو وە دۆسیەیەکی دیاری هەبوو لە کوشتن وئازاردانی منداڵان، و ژنان کەچی لە ساڵی ١٨٧٥ ناوی لێ نرا بە سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمەریکا. وە هەروەها لە ساڵی ١٨٧٩ شدا بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی نەخۆشی ژنان.

## پەیکەری سیمز بێننە خوارێ

پەیکەری سیمز کە گەورەییەکەی سێزدە پێیە لە ساڵی ١٩٣٤ لەو شوێنەی ئێستای دانرا کە ئەویش ڕۆژهەڵاتی هارڵێمەو گەڕەکێکی مێژوویی ئەمەریکیە ئەفریقیەکان و پوێترۆ ڕیکانیەکانە. نووسینێک لەسەر پەیکەرەکە نووسراوە کە تێیدا تەواو...

بۆ لاپەرە ١٣

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان!

**ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس ڕەشید**

## بەدژی کۆشتاری کۆڵبەران، نارەزایەتی جەماوەری چەند شارێکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە



بەدوای کوشتنی دوو کۆڵبەری خەڵکی شاری بانە لەلایەن هیزە ئینسان کوژەکانی جمهوری ئیسلامی کۆنەپەرستی ئێراندا، تورەیی و نەفرەتی خەڵکی کوردستان پەرە دەستێنێ و سەرەتا شاری بانەو پاشان شاری سنە دەگرێتەوە... دیارە ئەوە یەکەم جار نییە کۆڵبەران لەلایەن هێزەکانی جمهوری ئیسلامیەوە، دەدرێنە بەر دەستریژی گوللە، لە چەند ساڵی رابردودا بە دەیان کۆڵبەر، کە لەناچاریداو بۆ بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانیان، دەستیان داوەتە ئەو کارە سەخت و پر مەترسیدارە، لەلایەن هیزەکانی ئێرانەوە کوژراون... دیارە لەپاڵ ئەو تاوانەدا، خەڵکی کوردستانی ئێران رۆژ بەرۆژ تورەیی و نەفرەتیان لەو نیزامە هارەی ئیسلامی سەرمایە دەچیتە سەر... لەو چوارچیوەیەدا بۆ ئیدانەی ئەم تاوانەو نەفرەت لە دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی رژێمی ئێران... سەرەتا خەڵکی بانەو پاشان خەڵکی سنە، سەرباری رێگری زۆری دەزگا ئەمنیەکانی ئێران دەرژێنە سەر جادە... لە شارەکانی تریش لەوانە مەریوان و مهاباد و... ئامادەکاری دەکرێت بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین، بەڵام بەهۆی میلیتاریزەکردنی شارەکانەوە، رێگری دەکرێت لەوەی خەڵکی بتوانن خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەری ئەنجام بدەن... بەمەبەستی پشتوانی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی شارەکانی ئێران... لە کوردستانی عێراقیش کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی لە لایەن ناوەندی رێکخراوە کرێکاریی و جەماوەریەکانەوە بەرێوەچوو...

## ماکرۆن رووبەڕووی یەکەم تاقیکردنەوەی سەرشەقام دەبێتەوە لە بەرامبەر یاسای کاری تازەیدا.

**فەرەنسا/ فرانس پرێس**

بەپێێ سەرچاوە حکومیەکان پتر لە ٢٢٠ هەزار فەرەنسی ، و بەپێێ یەکێک لە نەقابە کرێکاریەکان ٤٠٠ هەزارفەرەنسی؛ رۆژی ۳شەممە ١٢/٩/٢٠١٧ خۆپیشاندنیان بەڕێخست دژ بە پێداچوونەوە بە یاسای کار. کە سەرۆکی فەرەنسا ئیمانۆئیل ماکرۆن سوورە لەسەر پاشەکشە نەکردن لێێ.

وەزارەتی ناوەخۆ ڕایگەیاند کە ٢٢٣هەزار کەس لەسەرتاسەری وڵات بەشداریان لە خۆپیشاندانەکاندا کردوە. لە کاتێکدا ئەمینداری گشتی( فیلیپ مارتینیز) نەقابەی کۆنفدراڵی گشتی بۆ کار-سی جی تی کە نارەزایەتیەکان بەڕێوە دەبات گووتی کە ژمارەکە نزیکەی ٤٠٠هەزار کەسە. گووتیشی ژمارەکە باشە بۆ یەکەم خۆپیشاندان.ئاماژەشی بە پڕوپاگەندەی بەهێز کردوە.

کریستۆف کاستانر لە لایەن حکومەتەوە ئاماژەی" ***بە ترسی ئەو هەڕەشانە کرد کەلەلایەن بانگێشتی بەهێزی نەقابەکان کراوە بۆ خۆپیشاندان. بۆیە لەسەر حکومەت پێویستە وەڵام بداتەوە***". ڕێژەی بەشداری ئەم جارە هەمان ڕێژەی خۆپیشاندانەکانی حکومەتی سۆسیالیستی سەردەمی فرانسۆ هۆلاندە لە دژی یاسای کار. لە ٩ی ئازاری ٢٠١٦ دا نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەس بەپێێ ڕێکخەران و ٢٢٤ بەقسەی دەسەڵاتداران.



مارتنینز بەم جۆرە باسی بەسیج کردنەکە دەکات: بەپێێ نەقابەکە لە پاریس نزیک ٦٠ هەزار کەس؛ دەسەڵاتداران بە ٢٤ هەزار مەزەندەیان کردوە. توندوتیژی لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسدا ڕوویداوە.

خۆپیشاندەران ئەم شیعارانەیان بەرزکردبۆوە کە ڕەخنە لە قسەکانی ماکرۆن دەگرن کە دەڵێ" ئێمە سەردانانەوێنین بۆ تەمەڵەکان و توندڕەوەکان". لە کاین خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد" تەمەڵەکان لە شەقامەکاندان، ئەوە کۆتاییتە ئەی ماکرۆن". لە باشوور لە مەرسیلیا، بەپێێ گوتەی پۆلیس ژمارەیان ٧٥٠٠ کەس بوە؛ بەڵام ڕێکخەران بە ٦٠ هەزار کەس مەزەندەیان کردوە. سەرۆکی حزبی(لادەری فەرەنسا) ش( جان لۆک میلانشۆن) بەشداری کردوە، و بەڵێنی داوە بە پاشەکشەپێکردنی ماکرۆن و گووتی" لەکۆتایدا ناچارە بە گوێگرتن، ئەم وڵاتە لیبرالیەتی ناوێ... ئەوە فەرەنسایە، و ئینگلتەرا نیە".

نەقابەی( سی جی تی) داوای بزووتنەوەی تازەی کردوە لە ٢١ ی سپتامبەر، ڕۆژی پێشنیارکردنی پرۆژە یاساکە لە ئەنجومەنی وەزیران و ٢ ڕۆژ پێش خۆپیشاندانی حزبی ( لادەری فەرەنسا).

ماکرۆن ئاگاداری کردوون کە خۆی چەکدار دەکات" بۆ خۆڕاگری ڕەها" بۆ بڕیاردان لە چاکسازی جیاوازیەکان.

ناوەڕۆکی گۆڕانکاریەکە کە یەکەم کاری ئەم دەورەیەی ماکرۆنە لە ٥ کارەکانی. دیاریکردنی ماوەیەک بۆ قەرەبووکردنەوە لەکاتی بوونی جیاوازیەکان، و کەمکردنەوەی فەراهەمکردنی تانەلێدانی فەرمانبەران، وفەراهەمکردنی دانوساندن لە دەرەوەی نەقابە بۆ کەمتر لە ٥٠. لەکاتێکدا کە کۆمپانیا بچووک و ناوەنجیەکان نزیکەی نیوەی فەرمانبەران لەخۆ دەگرن.

ماکرۆن جەخت لەئامانجی ئەم چاکسازیانە دەکاتەوە کە ئاسانکاریەک بۆ کاری کۆمپانیاکان دەکات، وهاندیان دەدات بۆ دامەزراندنی زیاتر لەناو بێکاران. لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاری ژمارەکانی بەرزە کە دەگاتە ٩,٥% ی هێزی کار.لەبەرامبەر ٧,٨% لە ئەوروپا. هەروەها دەیەوێت دڵنیایی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەڵمانیا کە داوای لەپاریس کردوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی.

ئەمەش گرنگی تری هەیە بۆ ماکرۆن کە لەهەوڵی چاکسازی گەورەترە لە کۆمپانیاکان، کە لەهەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی لە چەند مانگی داهاتوو، بۆ بیمەی بێکاری و پەروەردە و مەشقی کار و خانەنشینی.

پێش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان وەزیری ئابووری( برۆنۆ لۆمیر) گووتی" حکومەت ڕاوەستاو" دەبێت لەبەرامبەر نارەزایەتیەکان.

## سەرکەوتنێکی مەزنی مانگرتنی کرێکاران لە هیندوستان

کرێکارانی کۆمپانیای مۆتۆرسازی تاتا لە هیندوستان لە مانگرتنێکی چوار ڕۆژیدا سەرکەوتنێکی مەزن لە مێژووی خۆیاندا بە دەست دەهێنن.

لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠-٩-٢٠١٧ تیمێکی دە کەسی لە کرێکارانی یەکیەتی کرێکارانی کۆمپانیای مۆتۆرسازی تاتا کۆبوونەوە لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارگەی جەمشیدپووری سەر بەهەمان کۆمپانیا. کۆبوونەوەکە کاتیک بڕیاری لە سەر درا کە تەواوی کرێکارانی کارگەی جەمشیدپوور بۆ چوار ڕۆژ دەبوو لە مانگرتنی سەرتاسەریدابوون .داواکاری کرێکارەکان ئەوە بوو کە دەیان گووت دەبێت کارگەکە ساڵانە پێنج سەد کرێکار لە کۆی ٢،٥٠٠ کریکاری کاتی بکاتە کرێکاری دائیمی. بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی کرێکاران بە پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە ڕازی بوون کە بریتیبوو لە ساڵانە دووسەد کرێکاری کاتی بکرێتە دائیمی. ئیتر لە لایەن کرێکاران و بەڕێوەبەرایەتی کارگەکەوە بە بەیانێک دەرئەنجامی کۆبوونەوەکە بۆ هەموو لایەک بڵاو کرایەوەو کرێکارە مانگرتووەکانیش مانگرتنیان شکاند. شایەنی ووتنە کە کۆمپانیای تاتا کۆمپانیایەکی زۆر زەبەلاح و پڕ بەرهەمە. داهاتی ئەو کۆمپانیایە نزیکەی چل ملیار دۆلاربوو لە ساڵی ٢٠١٦ دا وە ڕۆژانەش پێش مانگرتنەکە نزیکەی چوارسەد ماشێنی بەرهەم دەهێنا بەڵام لە کاتی مانگرتنەکە دابەزی بۆ نزیکەی ٦٠- ٧٠ ماشێن. ئەم کۆمپانیای مۆتۆرسازی تاتا لە هیندوستانەو ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوەو لە لایەن گرووپی تاتاوە بەڕێوە دەبرێت. جێگەی باسە کە کۆمپانیای تاتا پاڵپشتی کۆمپانیاکانی سەیارەی تریش دەکا لە وانە کۆمپانیاکانی مۆتۆرسازی جاگوار ، لاند




**هێزی چینی کرێکار لە یەکگرتویی و ڕێکخراوبوونیدایە!**

# پرسی ژن و ؟



**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگای کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارەسەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوە، کە هەر جارە لەگەڵ یەکێک لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، سازی دەکات.**

**لەم ژمارەیەدا " بۆپێشەوە" لە گۆنا سەعید دەپرسێت....**

**بەرپرسی گۆشە: نازەنین سالح**

**بۆ پێشەوە : هۆکاری سەرەکی توند و تیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، چییە ؟**

گۆنا سەعید: لە کوردستان سەرچاوەی توند وتیژی و هەڵاواردنی ژنان وا لەناوجەرگەی ئەو سیستەمە ئابووری وچینایەتیەی کە بۆ پاراستنی سەرمایەداری دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان لە شێوەی دەسەلاتێکی میلیشیایی وعەشیرەتیدا یەکێتی وپارتی لە کوردستان دایانمەزراندوە و هەموو جۆرەکانی جیاکاری چینایەتی و ڕەگەزی پێ دەپارێزن. لەم ڕاستایەشدا ئەم دەسەلاتە چەندین یاسا و دام و دەزگای دینی و کۆمەلایەتی بەڕەسمی دروست کردووە کەبە هەموویان هەلاواردنێکی هەمەلایەنەی سیاسی، یاسایی، کۆمەلایەتی وکەلتوری و ئابووریان بەسەر ژناندا داسەپاندووە.

بۆ نمونە، لەیاسادا مافی هاولاتی یەکسان وئازادیە فەردی ومەدەنیەکان بۆ ژنان نەسەلمێنراوە، شەریعەتی ئیسلامی کراوە بەسەرچاوەی یاساکان ویاسای باری کەسێتی سەردەمی بەعس بۆ چەندەها ساڵ بەکار هاتووە، ئەم یاسایە کەژنی کردۆتە ژێردەستە وپاشکۆی پیاوان لە هەموو بوارێکدا. ئەمانە وپەسەند کردنی یاسای فرەژنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، هەروەها کردنی دینی ئیسلام بەسەرچاوەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم.. هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ کۆیلەکردنی ژنان لەیاسادا. لە یاساش خراپتر دام و دەزگای دادوەریە لە هەرێمی کوردستان کە مامەڵەی ژنان بە هەمان عەقڵیەتی پیاوسالارانەوە دەکەن و کەیسەکانی توندتیژی کەم جار لە بەرژەوەندی ژنان کۆتایی دێت.

لەسەر ئاستی کۆمەلایەتیدا، لەلایەک بەهێزکردنی دەسەلاتی دام و دەزگای دینی و وەزارەتی ئەوقاف و تا دەگاتە مەلای مزگەوتەکان، هەمووی لەخزمەت بەدروستکردنی کەش و هەوای دژی ئازادیەکانی ژنان وهاندانی توندتیژی پیاوانی نێو خیزانن بەدژی ئەو ژنانەی لەهەر ڕێو ڕەسمێکی دینی و خێڵەکی پیاوسالارانە لادەدەن.

لەباری ئابوریەوە زۆرینەی ژنان بەکاری خۆڕایی ماڵداری وپەروەردەی منالەوە یەخسیرکراون، ئەوانەشی فرسەتی کاریان بەدەست هێناوە، بەنان ئاوەری ماڵ حساب ناکرێن و لەچاو پیاواندا هیچ ماف و ئیمتیازیکیان نیە. هەروەها نزمی ئاستی کرێ و نایەکسانی لەدابەشکردنی بیمە کۆمەڵایەتیەکاندا و زۆرترین ڕیژەی بێکاری کە بەسەر ژناندا سەپینراوە. هاوکات چەندین بواری کار لەژنان قەدەغە وتابوو کراوە، ژنانی کرێکار لەکەرتی تایبەت وکاری سەربەخۆدا هیچ ماف و بیمەیەکی کۆمەلایەتیان نیە، هیچ پاراستنێکیان نیە لەدەست دەستدریژی سێکسی وکەمی مووچە و.. هتد. پابەندبوونی تەواوی ئابووری ژنان بە ئابووری پیاوەوە لە ژیانی خیزاندا بووەتە مایەی کۆیلایەتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەژنان. یەکیک لە ئاکاماکەنای ئەم کۆیلایەتیە ئابوریەی ژنان توندوتیژی بەرفراوانی خێزانیە کەژنان تیایدا وادارن بەمانەوە تییدا بەخاتری دابین بوونی بژێوی خۆیان ومندالانیان.



لە نیو میدیای ئەم دەسەلاتەدا کەدەیان کەناڵی ئاسمانی و تەلەڤزیۆنی و رادیۆ و رۆژنامە وگۆڤارن نەک هەر باسێک لە ماف وئازادیەکانی ژنان و یەکسانی ژنان و پیاوان نیە، بەڵکو زۆر جار دەکەونە بە ڕەخنەی توند لەسەر سوکایەتی کردن بەژنان وکەسایەتی ژن لەبەرنامە و بابەتەکانیاندا. میدیاکان زیاتر بونەتە مینبەری کۆنەپەرستی و مەلاکان وەک لە دەنگی ئازادیخوازان.

ئەمانەی لەسەرەوە باس کران هەمووی ئەو کۆڵەکانەن کە سەرچاوە وڕیشەی مانەوە و بەردەوامی ستەم وچەوسانەوەی ژنانن وله ئەنجامدا لەکوردستان جێگا وڕێگای ژنانی تا ئاستی زۆر خوارتر لەپیاودا ڕاگرتووە.

هەندێک لەڕێکخراوەکان وچالاکیەکان هۆکارەکانی توندوتیژی وکوشتنی ژنان بەتەنها دەگێڕنەوە بۆ دواکەوتنی کۆمەڵگە وکەلتوری خێڵەکی و زاڵی پیاوسالاری لەنێو کۆمەڵگەدا و بەوپێیەش پێیان وایە چارەسەری توندوتیژی، لەهوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدایە. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بە دڵی دەسەڵاتێکە کە خۆی سەرچاوەی ستەم و چەوسانەوەی ژنانە، چونکە بە هۆی ئەم بۆچونەوە دەولەت و دەسەلات شانی خۆیان لە بەرپرسیارێتی خاڵی کردۆتەوە و بەرزکردنەوەی هوشیاری خەڵکیان کردۆتە کار و ئامانجی زۆرینەی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەمجۆرەش خەباتی کۆمەڵی مەدەنی و ریکخراوەکانیان بەلاڕیدا بردوە بە ئاراستەیەکی تر. بەشێکی تر پێیان وایە کەسەرچاوەی توند وتیژی لەدژی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ دڕندەیی بایەلۆجیانەی پیاوان وگوایە ئەوان بەغەریزە حەزیان لە لێدان وئازاردان ودەستەمۆکردنی ژنانە، بەڕای ئەوانە چارەسەری ئەمەش پێویستی بەوەیە کەپیاوان سزای قورسیان بەسەردا بسەپینرێت کاتێک توندوتیژی دەکەن ودەبێت یارمەتی دەروونی بدرێن تاهەڵس وکەوتی خۆیان بگۆڕن. ئەمە تێڕوانینی بەشێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و چالاکانی ژنانن کە کەوتونەتە ژێر کاریگەری لیبرال فیمینیزمی خۆرئاواوە. ئەم لێکدانەوەیەش دووبارە مەسەلەی ژنان لە سیاسەت و سیستەمی کۆمەڵایەتی وئابووری دووردەخاتەوە و بچوکی دەکاتەوە بۆ کیشەی نێوان جیاوازی بایەلۆجی ژن و پیاو، وە دیسانەوە خزمەت بە ئەجێندای دەسەڵاتێک دەکات کە دەیەوێت شانی خۆی خاڵی کاتەوە لە بەرپرسیارێتی لە پاراستنی ژنان لە دەست توندتیژی دژی.

ئەوەندەش کە بە کلتووری خەڵک دەگەڕیتەوە، ئەوە کلتووری زاڵی نێو کۆمەڵگە، هەمیشە کەلتووری دەسەڵاتی سیاسی یە. هەموو دەسەڵاتێک بۆ بە هێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی و پاراستنی لە نێو کۆمەڵگەدا پێویستی بەوەیە کە کەلتورێک زاڵبکات و خەڵکی پەیڕەوی لێبکەن. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەت لە مەسەلەی جێگاوڕیگای کۆمەڵایەتی ژنان ومافەکانیان لەیاسادا بیروباوەڕی ئیسلامی هەژموونی بەسەر کەلتووردا کردووە، لە کوردستانیش ئەوە کاریگەری شێوەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی یە کە لە پاڵ کلتووری خێڵەکی و میلیشیایی بوون، کلتووری ئایینی و دەسەڵاتی مەلا و پیاوە ئاینیەکانی سەپاندووە بەسەر خەڵکدا. ئاینییش، نەک تەنها لە پەیوەندی بە توندوتیژی لەسەر ژنان، بەڵکو بە گشتی ئایین گەورەترین خزمەتی بە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری کردووە و یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ڕاگرتنی ئەم سیستەمە لە خۆرهەڵاتی ناوەراست و کوردستان. ئایین ئامرازێکی زۆر کارایە بۆ دەستەمۆکردنی خەڵک و کپکردنی نارەزایەتی و " شوکور بوون " بە نایەکسانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دنیای ئەمرۆ.لێرەوە ڕۆشن دەبێت کەکوشتنی ژنان و توندوتیژی خۆی ئاکامی بەڕەسمیکردنی ئەم هەموو هەڵاواردنەیە بەسەر ژناندا لەنێو یاسا وژیانی کۆمەڵگە وخێزان و ژیانی سیاسی وئابوریدا.

**بۆ پێشەوە : ڕێگاچارە چیە و دەبی چ بکرێت بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەم و توندتیژیە دژ بە ژنان لە ئارادایە ؟**

**گۆنا سەعید:** ڕێکخراوبوون وە گەڕانەوەی مەسەلەی ژنان بۆ ناو سیاسەت. بڵاوکردنەوەی ئەم هوشیاریە لە نێو ژناندا. وە دەست بردن بۆ ڕێکخراوکردنی ژنان لەو شوێنە کە کێشەیان هەیە. بە دڵنیایی توندوتیژی گەورەترین کێشەی ژنانە لە کوردستاندا، کوشتن، لێدان، بە زۆر بەشوودان، خەتەنەکردن و هەموو ئەمانە. بەڵام توندوتیژی ئەنجامە تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامی ئەو بارودۆخەیە، ئەو پلەدووی یەیە، ئەو یاسایانەیە، ئەو ستەمەیە کە لەسەر ژنان دروستکراوە. ڕێکخراوکردنی ژنان بۆ نمونە ژنانی مامۆستا بۆ موچەکانیان یان ئەوەی کە هەزارەها ژن کێشەی هەیە بە دەست نەبوونی دایەنگاوە، یان تەحەروشی جنسی لەسەر کاردا. ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە ئەتوانێ ژن بە دەوری خۆیاندا ڕێکخراو بکەن، ژنی کارمەند، ژنی کرێکار، تەنانەت ژنی ماڵەوە. ئێستا ژنانێکی زۆر لەم وەزعیەتی بێکاری و قەیرانەی کوردستاندا دەستیان داوەتە کاری سەربەخۆ. نازانم ئەیبینن یان نا چەند کارگەی بچوک دروستکراوە لە ئێستادا. ژنان ئەچن پێکەوە کۆمەڵێک ژن کارگەیەکی نان دروستکردن ئەکەنەوە، چێشتخانە دروست ئەکەن. ئەمە ئەو جێگایانەیە کە ژن تیایدا بەشداری لە ئاکتیڤیتی ئابوریدا ئەکات، بەم مانایە جێگەوڕێگایەکی هەیە لە سیستمەکەدا کە ئەم کۆمەڵگایە بەڕێوە ئەبات وە ئەوانە شوێنێکی باشن بۆ هێنانیان لە دەوری مەسەلەی توندوتیژیش، لە مەسەلەی بێمافی، مەسەلەی هەژمونی دین، مەسەلەی کولتوری دواکەوتوو. بەڵام بە تەنها وەستانەوە بە دژی توندوتیژی و کولتور و دین و هەموو ئەمانە ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی ژنان بکات.

ژنان بۆ ڕزگاربوونیان لەتوندوتیژی بەتەنها لەبەرامبەر دەسەلاتی توندوتیژی تاکی پیاو، یان کەلتوری دواکەوتووی کۆمەڵگەدا نیین، بەڵکو لەپشتی ئەمانەوە ڕووبەڕووی سیستەمیکی ڕێکخراو وسەقامگیر کراونەتەوە کە ئەم دەسەڵاتەی تاکی پیاو وکەلتووری دواکەوتووی کۆمەڵگەی زاڵ کردووەو هەموو ڕۆژێک کار دەکات بۆ زیندوو ڕاگرتنیان. هەر بۆیە خەباتی ژنان دەبێت ئەو ستراتیژیە بۆ خۆی دابنێت کەبەرەوڕووی سیستەمێکی کۆمەلایەتی وسیاسی وئابوورییە کە پڕە لە جیاکاری و هەلاواردن لە دژی ژنان و هەموو هەولەکانی لە راستای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمەدا بێت. لەکوردستانیش ئیستا ژنان پێویستیان بەوەیە کەخۆیان لەبزوتنەوەیەکدا ڕێکخەن کەئامانجی گۆڕین و داڕووخانی سەرجەم کۆڵەکەکانی ئەو سیستەمە بێت کە توندوتیژی بەرهەم دێنیت بۆیان.

## دنیا دوای ١١ ی سێپتەمبەر

# "جیهانی شارستانی" لەکویدایە، بەربەرییەت حەتمی نییە

## نووسینی: مەنسوری حیکمەت

**تێبینی: ئەم بابەتە بەشی دووەمی وتارێکی درێژترە لە ژێر ناوی جەنگی تیرۆریستەکاندا، کە بە دوای روداوی ١١ سێبتەمبەردا نووسراوە...**

جەنگی تیروریستەکان دەتوانێ سەرەتای یەکێک لە خویناویترین سەردەمەکانی میژووی هاوچەرخ بێت. هەرئێستاش ملیونەها ئینسان هەناسە سوار بووە. بەلام ئەم ئاسویە حەتمی نییە. گورەپانەکە تەنها بە دوو لایەنی کیشمەکیشەکە بەرتەسک نابیتەوە. هیزیکی سێیەم، دێوێیکی نووستوو، لە ئارادایە کە دەتوانی ئەوزاعەکە بگورێت. ئەگەر ئەم دێوە لەخەو هەستیت، ئەم سەردەمە دەتوانی سەرەتای دەستپیکردنی گورانکارییەکی ئیجابیو وەدیهینانی ئەو ئامانجانە بیت لە جیهاندا کە مروڤایەتی لە دەیەکانی کوتایی سەدەی بیستەمدا لیّی بیئومید ببوو. بوش و بلەرو خامەنایی، ئەمریکاو ناتوو ئیسلامی سیاسی، ئەوە نازانن کە بەراستی بەشەرییەتیکی شارستانی، جیهانیکی شارستانی، وجودی هەیە کە رەنگە لەم نیوەدا لەخەو راپەریت و لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا بەرگری لەخوی بکات. سەرباری ئەم هەموو تاریکییەو مەترسییەک کە لەبەرامبەر ئیمەی خەلکدا دایان ناوە، سەدەی بیست و یەکەم دەتوانی سەدەی بەربەرییەتی کاپیتالیستی نەبیت. ئەم روژانە، روژانیکی چارەنووسسازن.

میدیاکان روخساری ئایدولوژی و مەعنەوی راستەقینەی جیهان نیشان نادەن. بوچوونی خویان دەلّێن، بوچوونی زالّ، بوچوونی چینی دەسەلاتدار. بوچوونیک کە بە کەلّکیان دیّت. میلیتاریزم، تیروریزم، راسیزم، نەتەوەپەرستی، فەناتیزمی دینی و سودپەرستی، لەریزی پیشەوەی هەوالّەکاندان، بەلام ئەمانە لە قولایی زەینی زوربەی خەلکی سەردەمی ئیمەدا جیگەیەکی مەحکەمیان نییە. سەیرکردنیکی سادەی جیهان، نیشانی دەدات کە جەماوەری فراوانی خەلکی جیهان لە دەولەت و میدیاکان چەپترن، ئینساندوستترن، ئاشتیخوازترن، یەکسانیخوازترن، ئازادترن، ئازادیخوازترن. خەلکی لە هەردوو بەری ئەم کیشمەکیشە نەنگینەدا، هیچ ئارەزوویەکیان لەوە نییە کە سەرانی بورژوازی بەسەر خویاندا سوار بکەن. دەستەی فەرمانرەوای ملهوری ئەمریکا دەستبەجی بۆی دەرئەکەوی کە سەرباری یەکیک لە مەزنترین تاوانە تیروریستییەکان، سەرباری نمایشی زیندو و لەحزە بەلەحزەی لەلیّدان کەوتنی دلّی هەزاران ئینسان، سەرباری ماتەم و رق وبیزارییەک کە هەرکەسیک کە ویژدانی بە بەرژەوەندییەک نەفروشتبێ دادەگریت، هیشتاش هەر ئەم کومەلگەی غەربە، هەر ئەم خەلکەی کە هەموو روژیک میشکی شۆردراوە، هەر ئەوانەی کە لەبەیانییەوە تا ئیوارە بە راسیزم و دژایەتیکردنی بیگانە "دەرس" دەدرین، خوازیاری خۆ بواردن، ئینساف، عەدالەت و کاردانەوەی ئەقلانی دەبن. خەلکی خورهەلاتی ناوەراست کە چ لەدنیای چەپەلی نیو کەللەسەری خامەنەیەکان و خاتەمییەکان و مەلا محەمەد عومەرەکان و شیخە وردو درشتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیداو، چ لە ستودیو دیلوکسەکانی سی ئین ئینو بی بی سیدا ئوممەتی موتەعەسبی موسلمان و ئەندامانی "شارستانیەتی ئیسلامی" وینا دەکرین، شانبەشانی خەلکی ئەمریکا ماتەمبار دەبن و نارەزایەتی دەردەبرن. دەرککردنی ئەوەی کە زوربەی خەلکی خورهەلاتی ناوەراست لە ئیسلامی سیاسی بیزارن، دەرککردنی ئەوەی کە بەشیکی زور فراوانی خەلکی ئەوروپای غەربي و ئەمریکا لەدەستی ملهورییەکانی دەولەتی ئیسرائیل وەتەنگ هاتوون و خویان لەپال خەلکی مەحرومی فەلەستیندا دەبیننەوە، دەرک کردنی ئەوەی کە زوربەی ئەم خەلکە خوازیاری لابردنی گەمارۆی ئابووری سەر عیراقن و دەتوانن خویان بخەنە جیگای دایک و باوکە جەرگ سوتاوەکانی عیراق کە بیدەرمانی منالەکانیان بۆ باوەشی مەرگ دەبات، دەرک کردنی ئەوەی کە ئەم جەماوەرە فراوانەی خەلکی بەشەرەف و بەویژدانی جیهان لەم شەری بوش و بن لادنەدا، ئەم دوو دوستە قەدیمی و دوژمنەی ئەمرۆ، لەگەل هیچیاندا نین، هوشیکی زوری ناویت. ئەم بەشەرییەتە شارستانییە لەژیر کەلاوەی پروپاگەندەو میشک داشورین و توقاندندا لە غەرب و شەرق بیدەنگ کراون، بەلام دەکری بەروشنی ئەوە ببینریت کە ئەم تەلەکەبازییانەی قبوولّ نەکردووە. ئەمە هێزێکی مەزنە. دەتوانێ بیتە مەیدان. لەپیناوی ئایندەی بەشەرییەتدا دەبێ بیّتە مەیدان.

هەموو دژواری کارەکە لیّرەدایە. هیّنانە مەیدانی ئەم هیزە مەزنە. لە جەنگی تیروریستەکاندا جەبهەکانی شەرەکە دیاری کراوە، ریزەکان لیک جیاکراوەتەوە، سەرچاوەو هیزەکان ئامادەکراون، ئەمە روبەروبوونەوەیەکی عەسکەری و سیاسی و دبلوماسی فراوانە، سەرباری هەموو ناروشنییەکان، بەلام چوارچیوەی فیکری و سیاسی ئەم جەنگە بو سەرانی هەردوو ئوردوگاکە روشنە. بەلام لە جەبهەی ئیمەدا، لە جەبهەی ئەو بەشەرییەتەدا کە دەبی لەبەرامبەر ئەم سیناریو سامناکەدا بوەستیتەوە، هەموو شتیک ناروشنە.

گومان لەوەدا نییە کە ریزی مقاوەمەت لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا هەر لەئیستاوە لە ولاتانی جوراوجوردا پیکهاتووەو کەوتوتە هەلّسوران. بەلام هەر بەو ئەندازەیەی کە ئیسلامیستەکان و ئەمریکا پیویستیان بە تیوری و ستراتیجیکی روشن، بە لیکدانەوەیەکی هاوبەش و کارا هەیە، ئەم بزووتنەوە خەلکییەش پیویستی بە ئالایەکی فیکری و سیاسی و کومەلّە مەبادئیکی ستراتیجیی کارا هەیە. بزووتنەوە سیاسییە جیاوازەکان، بەتایبەت لەنیو بالی چەپدا، لە ئایندەدا هەول دەدەن کە ئەم مقاوەمەتە ئاراستە بکەن و رابەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن. پرسیارەکە لیرەدایە کە چ خەتیک بەسەر خودی ئەم "چەپ"ەدا زالّە.

لە بەشی پیشوودا وتمان کە لەپال دالّەکانی هەردوو جەمسەردا، واتە میلیتاریستەکانی ئەمریکاو فاشیستەکانی ئیسلام، دوو لیکدانەوەی ئالوزترو پوختەترو "موحتەرەمانەتر"یش بو دیفاع لە هەردوولای ئەم کیشمەکیشە لەئارادایە. لە هاوشانی میلیتاریزمی ئەمریکادا کەسانیک هەن کە فورمولەی جەنگی شارستانیتی لەدژی تیروریزم جار ئەدەن. لە هاوشانی ئینسانکوژەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا، کەسانیک هەن کە تیروریزمی ئیسلامی بە "دژي-ئیمپریالیزم"ی میللي- دینی و جیهان سییەمی باوی دەیەی حەفتادا پاساو دەکەن. هیچ یەکیک لەم لیکدانەوانە لەبزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکیدا نفوزیکی جدی نابیت. حیزب و گروپەکانی راستی سەنتەر لە غەربو پاشماوەی چەپی تەقلیدیی خویندکاریی- روشنفکریی دەیەکانی پیشوو لە غەرب و شەرقدا دەبنە مشتەری سەرەکی ئەم فورمولە ژیرانەترەی ئیعلامی جەنگی هەردوو لایەن. ئەوەی کە لەئاستی تیوری و سیاسیدا دەتوانی بزووتنەوەی ئایندەی خەلکی پیشرەوی جیهان بەلاریدا بەریت، بەرای من هەلویستی پاسفیستی و هەولّی عەبەسی لیبرالییە بو پاراستنی ئەم وەزعەی کە هەیە (تەنها بەرگرتن بە هیرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان) وەیان گیرانەوەی هەلومەرجەکە بو دۆخی پیشوو (پیش ١١ی سپتامبەر).

روداوی ١١ی سێبتەمبەر کردەوەیەکی شێتانەی بێ پێشنەی کەسانیکی دابراو لە دەروونی کومەلگە نەبوو. هەرچۆن کردەوەی عەسکەریی ئەمریکاش کە بەم زووانە روو ئەدات وا نەبوو. جیهان بەرلە ١١ی سێبتەمبەر لە هاوسەنگیدا نەبوو، بەلکو لە رەوتیکی گورانکاریی پاشەوپاشگەرانەوەدا بوو. کومەلیک گرفتی ئابووری و کومەلایەتی و سیاسی گرنگ لەپشتی ئەم ئەم رووداوانەوە هەیە. ئەم گرفتانەن کە جیهانیان بەم ئاراستەیەدا بردووە. ئەم گرفتانە دەبێ وەلام وەربگرنەوە. ١١ی سپتامبەر گۆشەیەکە لەوەلامی ئیسلامی سیاسی بەم هەلومەرجە. هەرچۆن هینانە سەرکاری تالیبان، ویرانکردنی بەغداد، برسیکردنی خەلکی عیراق، تاساندنی خەلکی فەلەستین، بومبارانی بەلگرادو ئیّستایش "جەنگی دریژخایەن لەدژی تیروریزم" گوشەیەکە لە وەلامی سەرانی سەرمایە لە ئەمریکاو ئەوروپا بەم کیشمەکیشانە. بزووتنەوەی خەلکی لەبەرامبەر هەلومەرجیکی وەهادا ناتوانی بزووتنەوەیەکی بانگەشەکەر بۆ ئارامی و "هیرش بوسەر ئەفغانستان قەدەغەیە" بیت. ئارامی و پاریزگاریکردن لە دوخی ئیستا نەتەنها عەمەلی نییە، نەتەنها خەیالپلاوییە، بەلکو نە عادیلانەیە، نەئازادیخوازانەو نە کارا.

بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا تەنها دەتوانێ لەدەوری وەلامە ئیسباتییەکان بە گرفتە سیاسی و ئابوورییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئیمەو لەدەوری هەلویستیکی چوست وچالاک نەک بو پاریزگاریکردن لە دوخی ئیستا، بەلکو بو گورینی دوخی ئیستا، ریکبخریّت. ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەو گرفتانەی کە بەم رووداوانە بەرجەستەبوونەوە، مەسەلەی باکورو باشوور، مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی عیراق، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی ئەفغانستان و ئیران، مەسەلەی میلیتاریزم و زلهیزی ئەمریکاو ناتو لە سیستمی نویی جیهاندا، مەسەلەی راسیزم، مەسەلەی قەلای ئەوروپاو تاد بەرنامەکاری سەربەخوو وەلامی سەربەخۆی خومان بووە. هەر ئەمە دەبێ ببیتە بەرنامەکارو وەلامی بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا. ئەمە جیاوازی ئیمەیە لەگەل ئارامیخوازی تالیبان و ئەو پاسیفیستانەی کە کەلین و کیشمەکیش و نائارامییەکانی دنیای پیش ١١ی سپتامبەر نابینن، یان بەلایانەوە گرنگ نییە. ئەگەر ئیمە بەرلە هەموو ئەم رووداوانە بەرنامەیەکمان بو گورینی جیهان بووە، بناغەی هەلویستگیرییەکی مەبدەئی لە هەلومەرجی ئیستاشدا دەبێ بردنە پیشەوەی هەمان بەرنامەکار بیت لەم هەلومەرجە تازەیەدا. ئیمە بەنیازنین کە ئەفغانستان لەژیر دەستی باندی ئینسانکوژی تالیباندا بهیلینەوە، ئیمە بەنیاز نین لەسایەی دەسەلاتی ئەمریکای دەست بە مووشەکدا بژین، ئیمە بەنیاز نین ئیسلامی سیاسی و حکومەتە ئیسلامییەکانی خورهەلاتی ناوەراست تەحەمول بکەین، ئیمە بەنیاز نین بە بیّولاتی خەلکی فەلەستین و سەرکوتی هەموو روژەیان رازی ببین. ئیمە تیروریزممان نەئەویست، چ ئیسلامی و ئینتحاری و چ لەلایەن سوپاو کەتافیەپوشەوە بیت، ئیمە ئەم هەژارییە لە نیوەی جیهاندا قبوولّ ناکەین، ئیمە سەربازگەی چوار دەورەی ئەوروپامان ناویت، ئیمە مل بە راسیزم و قەومپەرستی نادەین. نە تاوانکاریی ١١ی سپتامبەرو نە ئەو جیهادەی ناتۆ کە بەم زووانە لە هیندوکش رووئەدات، نابی لە بزووتنەوەیەکی چوست وچالاک بو گورینی جیهان، ریزیکی خیرخوازو ئارامیخوازی بێ رەخنەو بێ ئەرک دروست بکات.

بزووتنەوەی "ئینساندوستانە"و ئاشتیخوازانە وەلامی هەلومەرجی ئەمرۆ ناداتەوە. بەلام نفوزی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لەنیو خەلکی سادەی کومەلگەی غەربیدا، بەهۆی دژی زەبروزەنگی و ئینساندوستی و هەروەها محافەزەکاریی خۆبەخۆی خەلکەوە، زور فراوانە. هەلویستیکی بەم جورە دەخالەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان مەحکوم دەکات، بەلام لەبەرامبەر حوکمرانیی تالیباندا خوی بە بەرپرس نازانیت. خەلک هاندان لەدژی...

بۆ لاپەرە ١٠

# درێژەی...دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر

موسلمانەکان و راسیزم مەحکوم دەکات، بەلام هۆیەک نابینی بو گوشاردانان لەسەر ئیسرائیل و ئەمریکا بەقازانجی خەلکی فەلەستین. ئەم هەلویستە هیوای سەرکەوتن بو جاک ئەسترا ئەخوازی لە سەفەرەکەیدا (بو ئیران-وەرگیر) بۆئەوەی بەلکو ئەم کارە جەمسەری تیروریزمی ئیسلامی ئارام و جلەو بکات، جا با ئەمە حوکمرانی ئەم گورگانە بەسەر خەلکی ئیرانەوە سەقامگیر بکات، ئەم هەلویستە بەرگری لە مافە مەدەنییەکانی خەلکی موسلمانی ولاتانی غەربی دەکات، بەلام لەپیناوی نەهیشتنی بارگرژیدا، رەخنەگرتن لە حیجابی ئیسلامی و بیمافییەکانی ژنان لە ولاتە ئیسلامییەکان و ژینگە ئیسلامییەکان رەت دەکاتەوەو بەری پیدەگریت. ئەم هەلویستە هەموان بو مەیدان چولکردن و وازلیهینانی هەلومەرجەکە هەربەوشیوەیەی کەپیشتر هەبوو، بانگەواز دەکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەسەر زەین و کردەوەی خەلکی نارازیدا زال ببیت بەشەرییەتی شارستانی مەیدان بو تیروریستە غەربي و شەرقییەکان چولٚ دەکات. ئەگەر بمانەوی ئاییندەیەک هەبێت، ئەوا بەندە بە پەیدابوونی بەرنامەکارێکی چالاک، ئازادیخوازانەو پێشرەوەوە لەریزی پیشەوەی خەلکیدا. ئەمە کاری کومونیستەکانی مارکسە. ئەمە کاری ئیمەیە.

لە بەشی داهاتوودا دەچمە سەر سەرخەتە گشتییەکانی بەرنامە کارێکی چالاک لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا. بەڵام پیویستە بەکورتی ئاماژەیەک بو فەوریترین مەسەلەیەک بکەم کە ئەم روژانە لەئارادایە، واتە هیرشی ئەم زووانەی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان. ٩٩ لەسەدی خەلکی جیهان ئەوە دەزانن و دەتوانن بەروشنی ئەوە روونبکەنەوە کە بوچی هیرشی عەسکەریی ئەمریکا بوسەر ئەفغانستان و تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادنیش، کە ئامانجی راگەیەنراوی ئەم کردەوە سەربازیانەیەو لەرووی عەمەلییەوە زور ناموحتەمەل دیتە بەرچاو، نەتەنها مەترسییەکانی تیروریزم لەدژی ئەمریکاو ئینگلتەرا کەم ناکاتەوە، بەلکو موجازەفەی کردەوە تیروریستییەکانی ئایندە زور زیاتر ئەکات. زور ئاشکرایە کە خودی دەولەتانی ئەمریکاو ئەنگلتەرا ئەم مەسەلەیە دەزانن. لیکدانەوەی رەسمیی غەرب بۆ مەسەلەکە لەچوارچیوەی ئەو لیکدانەوە هولیودی و جیمزباندییانەدایە کە وادیارە ئەوان پییان وایە دەرخوارد دانی ئەم جورە لیکدانەوانە بە خەلکی سادەترو خیراترە. ملیونیر یان گانگستەریکی شێت لە گوشەیەکی دوورە دەستی جیهاندا دەیەوی شارستانیتی نابوود بکات، سەدام، میلوسوفیچ، بن لادن، وە قارەمانانی ئەمریکایی بۆ نەجاتی مروفایەتی دەکەونە خۆ، بەڵام لیکدانەوەکانی خویان نیشانی دەدات کە ئیسلامی سیاسی و تیروریزمی ئیسلامی یەک بارەگایەکی مەرکەزی و یەک فەرماندەیی هاوبەش و یەک ریکخراوەی هەرەمیی نییە، بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە کە لە کومەڵێک شانەو ریکخراوو تۆرو ناوەندی دەولەتیی پیکهاتووە کە بە کومەڵێک پەیوەندیی رەسمی و نارەسمی، وەکو بزووتنەوەیەکی نهینی، بە کومەلیک داهینانی فراوانەوە لە ئاستی محەللیدا، پیکەوە بەستراون. بۆ غەرب، چوونە ناو ئەفغانستانەوە سەرەتای هەلمەتیکی عەسکەریی و سیاسی فراوانترە. دەستگیری یان کوشتنی بن لادن ئەو ئەنجامەی دەبیت کە لە ئاستی ناوخۆی ئەمریکادا لە فەورییەتی هەنگاوە عەسکەرییەکانی دواتر کەم بکاتەوەو ببیتە مسداقییەتیک بۆ "تولەسەندنەوەی ئەمریکا"، کە ئەمەش دەتوانی فەزای نێوخۆی ئەمریکا تا پەلاماری تیروریستیی ئایندەی ئیسلامییەکان، وە تەنها تا ئەو کاتە، ئارام بکاتەوە. بەلام ئەمە هەنگاویکی بچووکە لە پروسەیەکی سیاسی و عەسکەریی فراوانتر لە خورهەلاتی ناوەراستدا کە مەودای کوتاییەکەی تاکو ئیستا رانەگەیەنراوە. لە دوالیکدانەوەدا ئەمە هیز نیشاندانیکە بە ئیسلامی سیاسی. واتە بزووتنەوەیەکی کونەپەرستانە کە غەرب خوی لە پەراویزی کومەلگەکانی خورهەلاتی ناوەراستدا هینایە ئاراوەو، بەمەبەستی روبەروبوونەوە لەگەل چەپ لە سیستمە سەرمایەدارییە تازە لەدایکبووەکانی ئەم ولاتانەدا وە هەروەها وەکو گوشاریک بۆ سەر بلوکی شەرق ئەوانی هینایە سەرشانۆ. ئەم هیز نیشاندانە دەکری بە بەرتەسکی بمینیتەوە، بەلام بەتایبەت بەهۆی خەسلەتی ناموتەمەرکزی و توندرەویتی ئیسلامی سیاسی و تیروریزمی ئیسلامییەوە، بە ئیحتمالیکی زور بەرەو یەکلاییکردنەوەیەکی بنەرەتیتر بەکێش دەکریت. ئیسلامی سیاسی بەبی پشتیوانی غەرب ناتوانیَ لە خورهەلاتی ناوەراستدا بمێنیتەوە. هەر بەمەندەی ئیستا، پەرەسەندنی نەبەردی عیلمانیەکان و ئیسلامیەکان لە پاکستان و کەوتنە حاڵی پەیکەری نیوەگیانی خاتەمییەکان لە ئیران و پەرەسەندنەوەی دووبارەی کیشمەکیشی نیوان باڵەکان، بەلگەی ئەوەن کە نەبەردی غەب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا دەتوانیَ ببیتە هەوینی گورانکارییەکی جدی لە هێز و هاوسەنگی نێوان فراکسیونەکانی بورژوایی لەم ولاتانەدا بەزیانی ئیسلامییەکان.

لەبەرامبەر خودی هیرشی ئەمەریکا بوسەر ئەفغانستان دەکری چی بلێین. ئایا "دەست لە ئەفغانستان هەلگرن!" هەلویستیکی مەبدەئی و پیشرەوە؟ خەلکی ئەفغانستان و ئوپوزسیونەکەی شتیکی دیکەی جگە لەمەتان پیدەلێن. ئاسۆی هەرەسی تالیبان، واتە باندیکی ئینسانکوژو دەلاڵیکی گەورەی مادده بیهوشکەرەکان، هیزە سیاسییەکانی ئەفغانستانی خستوتە جوشوخروشیکی گەشبینانەوە. خواستی روخاندنی تالیبان خواستیکی ئینسانی و پیشرەوە. نابیَ ریگابدریت دژایەتی بەرحەق و مەبدەئی لەگەل میلیتاریزمی ئەمریکادا بە ویلکردنی ئەفغانستان لەژیردەستی تالیباندا رافەبکرێت. ئەمە یەکیکە لە نموونە زیندووەکانی ناکافی بوون و نادروستبوونی ئارامیخوازی و دیفاع لە هەلومەرجیک کە لەئارادایە. خەلکی ئەفغانستان تەمەنیکە چاوەریی روژی هەرەسی تالیبانن. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ رزگارکردنی ئەفغانستان پیَ نانیتە ئەم ولاتەوە. خویان تالیبانیان هینایە سەرکار. ئەمجارە رەنگە لاوازی بکەن، بەلام وەکو ئەمری واقع بوونی قبوول بکەن. قەولیان بە موشەرەف داوە کە حکومەتی ئایندەی ئەفغانستان دیسانەوە جیگەی رەزامەندیی پاکستان بیت. قەرارە کومەڵیک جانەوەر لابەرن و هەر لەو قوماشە کەسانیکی دیکە لەجیگایان دابنین. هەلویستی مەبدەئی بەشداریکردنە لە هاوشانی ئوپوزسیونی پیشرەوی ئەفغانستان بۆ روخاندنی تالیبان لەجەرگەی هەلومەرجی ئیستاداو بەرقەرارکردنی دەولەتیکی هەلبژیردراوی خەلکە لەم ولاتەدا. دەبی ئەمە بەسەر غەرب و ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکاندا بسەپینریت. هەرجورە هیرشیکی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوسەر خەلکی مەدەنی ئەفغانستان و روخاندنی شارو لادي و ژیرخان و ئامرازە مادديیەکانی ژیانیان دەبیَ مەحکوم بکریت. هەرجورە بەندوبەستیک لەنیوان ئەمریکاو پاکستان و ئیران و باقی دەولەتاندا بۆ سەپاندنی دارودەستەیەکی تر بەسەر خەلکی ئەفغانستاندا مەحکومە. بەلام روخاندنی تالیبان لەلایەن سوپا دەرەکییەکانەوە خۆی لەخویدا مەحکوم نییە. تالیبان دەولەتیکی مەشروع نییە لە ئەفغانستاندا. دەبیَ بروخینریت. مەسەلەکە لەسەر ئەو دەولەتەیە کە لەجیگای دادەمەزریت، هەروەها زامنکردنی ئازادی و ئیمکانی عەمەلی دەخالەتی خەلکی ئەفغانستانە لە دیاریکردنی نیزامی سیاسی ئایندەی ئەم ولاتەدا .

# درێژەی ... سێ ستراتیژ و ریفراندۆم

لەهەوڵی پاشەکشە پێکردن و لەقاڵبدانی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستدایە لە هەرێمی کوردستاندا، نەک تێکشکاندنی ئەو دەسەڵاتە، کە ئەمە پەیوەست دەکاتەوە بە تێکشاندنی دەسەڵاتی بورژاوزی ناوەند وەیا هاوکات لەگەڵیا. بۆیە ئەوە تەنها ستراتیژی کۆمۆنیستی خەباتە ڕووەو تێکشکاندن و هەڵپێچانی دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردستانی عێڕاق کە ئیمکانی ئەوە دەڕەخسێنێت ئەو دابڕانە کێش بکات بۆ دابڕانێکی هەمەلایەنە لە ئاسۆی فکری و سیاسی ناسیونالیزم و ڕەوتەکانی تری بوژوازی.

ئەگەر حزبێکی کۆمۆنیست، ئەو بۆشاییە فراوانەی نێوان دەسەڵات و جەماوەر، ئەو دابڕانە سیاسیەی کرێکار و زەحمەتکێش لە دەسەڵات نەبینێت، و بەدوای ئەوەوە بێت کوردستان سەربەخۆ بکات، تا ئەم دەسەڵاتە بیانووی نەمێنێت بۆ داسەپاندنی خۆی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و کرێکار و زەحمەتکێشەیدا، ئەوا بە مەنتیقێکی (لۆژیکێکی) سادە، ئەوە حزبەکەیە (نەک ئەو جەماوەرە) کە پێویستی بەوە هەیە کوردستان سەربەخۆ بێت، تا بتوانێت بۆشاییەک بخاتە نێوان خۆی و دەسەڵاتی ناسیونالیزم و خۆی داببڕێت لە سیاسەتەکان و لە ئاسۆکەی. بە مانایەکی تر، لە ئێستادا هەست بە بۆشاییەک لە نێوان خۆی و ناسیونالیزمدا ناکات، وە خۆی بە دابڕاو نابینێت لە ناسیونالیزم و تاکتیکێک ناگرێتەبەر لەم ڕیفڕاندۆمەدا کە ئەو بۆشاییە و ئەو دابڕان و سەربەخۆییەی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە دەسەڵات، بەرجەستە بکاتەوە.

## هەنگاونان ڕووە کاملبوونێکی بورژوازیانە

کۆمۆنیزمی هاوچەرخی کوردستانی عێڕاق لە مێژوویی ژیانی خۆیدا، نزیک بە نیو سەدەی ڕابردوو (1975-2017)، نوێنەری ڕادیکاڵیزمەی کۆمەڵگەی کوردستان، لایەنگری ئازادی و یەکسانی، خۆشگوزەرانی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتێکش بوە و پیَ بەپیَ و هەنگاو بەهەنگاو خەریکی خۆ جیاکردنەوە بووە لە ناسیونالیزم، وە لە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی کوردستاندا هەروەک لە ساڵانی سەرەتای نەوەتەکان لە هەوڵی خۆهەڵپێکاندا بوو بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک شۆراکان، بێکاران، ئاوارەکان و ژنان ... هتد و دواتریش بە خۆپێشاندانە جەماوەری و نارەزایەتیە کرێکاریەکانەوە، بەڵام لەو هەوڵانەیدا سەرکەتوو نەبوو بەو مانایەی کە نەیتوانی جۆش بخوات پێیانەوە و ببێتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و بەرفراوان و لانی کەم ببوا بە جەمسەرێک لە پۆلاریزەکردنی سیاسەت لە کوردستاندا لەبەرامبەر ڕەوتە ناسیونالیست و ئیسلامیە سیاسیەکاندا.

باسەکەمان لێرەدا بەدواداچوون نیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڵکو مەبەستمانە ئەوە دەرخەین کە لە ئێستادا لەسەر بنەمای پەرەسەندێکی خێرا و بەهێزی سەرمایەداری کوردستان و دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد، ئەم بزوتنەوەیە بەرەو ئەوە دەڕوات کە دەورانی ساوایی و هەرزەکاری خۆی تێپەڕێنێت و لەسەر بنەمای واقعیاتی پەرەسەندووی چینایەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستان ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕێکی دەرونی ببێتەوە و بەشێکی بوەستێت و درێژە نەدات بەهەمان پڕۆسەی مێژوویی خۆجیاکردنەوە لە ناسیونالیزم و هەڵخلیسکێتە پەراوێزی ناسیونالیزمەوە لە کوردستاندا، بەومانایە کۆمۆنیزمەکەی کاملبوونێکی بورژوازیانە بەخۆیەوە ببینێت. هەڵسوڕاوبوونی جدی ئەو کۆمۆنیستانە و چالاکبوونی گەرموگوڕتریان لە خاوەنانی ناسیونالیستی "ڕیفڕاندۆم" و پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستان، وەک دەڵێن "کاسە لە ئاش گەرمتر" ئەڵقەیەکی ئەم پڕۆسەی کاملبوونەیە بەرەو "کۆمۆنیزمێکی کرێکاری" بورژوازیانە.

هەروەک لە ڕابردوودا چەمکی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم نەیان دەتوانی کۆمۆنیزمی واقعی مارکس لە جۆرەها کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمی بورژوازی و وردە بورژوازی جیابکەنەوە ئەوا ئەمڕۆش چەمکی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" ڕووبەڕووی هەمان چارەنوس بۆتەوە. ئەمڕۆ جۆرەها کۆمۆنیزم لە ژێر ناوی "کۆمۆنیزمی کرێکاری"دا دەخرێتەڕوو.

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە 1914دا زوربەی هەرە زۆری مارکسیستەکانی ئەو کاتە کە لە ئینتەرناسیونالی دووەمدا کۆببونەوە هەڵوەرینە باوەشی بورژوا ناسیونالیستی وڵاتانی خۆیانەوە، ئەمڕۆش زوربەی هەرە زۆری ئەوەی ناسراوە بە "کۆمۆنیزمی کرێکاری"، جا چ کوردستانی و چ عێڕاقی و چ ئێرانی، لەڕێی ئەم "ڕیفڕاندۆم"ە و ئەو پڕۆژە دیاریکراوەی "پارتی"یەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەڵخلیسکاونەتە پەراوێزی ناسیونالیزمی کوردەوە. لە ئێستاشدا هەروەک لە جەنگی جیهانی یەکەمدا پەرچەمی مارکسیزمێکی شۆڕشگێڕی خوازیاری دەسەڵات و شۆڕش و ئینتەرناسیونالیزم بەرز ڕاگیرا و بەعەمەلیش کرایەوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، بەڵێ لە ئێستاشدا ئەو پەرچەمە با بەدەست ژمارەیەکی کەمیشەوە بێت هەر بەرز ڕادەگیرێت و لەهەوڵی بەعەمەلیکردنەوەیدا دەبن.

nadr1506@yahoo.com

13-09-2017

لینکی بەشی یەکەمی ئەم وتارە

http://www.bopeshawa.net/index/wp-content/uploads/2017/08/Forward_10.pdf

# سێ ستراتیژ و ریفراندۆم. بەشی دووەم و کۆتایی

نادر عبدالحمید



## ئەڵقەی ناوەندی و خاڵی جەوهەری ناکۆکیەکان

گەلێک خاڵی جێ ناکۆک هەن لە بۆچون و ئاکامگیری جیاواز، لەنێوان کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراقدا لەسەر ئەم ریفراندۆمەی ئێستا و پرۆژەی "پارتی" بۆ سەربەخۆیی کوردستان، وە لە باس و کێشمەکێشە فکری و سیاسیەکاندا لە دژی یەکتری لێکدانەوە و شیکاریان لەسەر کراوە، جا پرسیار ئەوەیە ئایە لەناو لێشاوێک جیاوازی جۆراوجۆر لە بۆچوون و لێکدانەوە و شیکاری، چ شتێک خاڵی جەوهەری جیاوازیەکانە یا ئەڵقەی ئەسڵی و ناوەندیە لە کێشمەکێش و ناکۆکی لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەناو کۆمۆنیستەکاندا؟

ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا ئاماژەمان بەوە داوە کە ئەو خاڵە جەوهەریە لە ناکۆکی نێوان ئەو سێ ستراتیژەدا، لەسەر هەڵوێست لەبەرامبەر ئەم ریفراندۆمە دیاریکراوە، جێگەورێگەی ئەم ریفراندۆمە (و سەربەخۆیی کوردستانە وەک دەوڵەتێک) لە ڕێڕەوی خەباتی چینایەتی و سۆشیالیستیدا، ئایە ئەمە هەنگاوێکە لە ڕاستای بردنە پێشەوەی خەباتی سۆشیالیستی بە دژی بورژوازی و هێنانەدی سۆشیالیزم لە کوردستاندا وەک ستراتیژی یەکەم بانگەشەی بۆ دەکات؟ یان بەپێچەوانەوە پاشەکشەپێکردنی ئەو خەباتە سۆشیالیستیە و قایم بوونی پایەکانی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستێکی دژە ئازادی، کۆنەپەرست و ناسیکیولاری کوردە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و کرێکار و زەحمەتکێشەکەیەوە، چ لە پرۆسەی بەڕێوەچونی ئەم ریفراندۆمەدا و چ لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا لە ئایندەدا کە لە ئاکامی ئەو پرۆسەیەدا دێتەئاراوە، وەک هەریەک لە ستراتیژی دووەم و سێهەم بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەڵقەی تەواکەری ئەم ناکۆکیە ئەسڵیەش ئەوەیە کە ئایە هاتنەئارای دەوڵەتێک لە پرۆسەیەکی ئاوادا لەژێر دەستی "پارتی" و بارزانیدا، لە هاوکێشە سیاسیە جیهانی و ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی ئازادیخوازانە وەیا پێشکەوتووخوازانە دەبینێت و کۆمەگ دەکات بە هێنانەدی بارودۆخێکی لەبار بۆ خەباتی چینایەتی کرێکار دژی بورژوازی لەسەر ئاستی ناوچەکە یان بەپێچەوانەوە؟ لێرە لەم وتارەدا ناچینە ناو ئەو مەیدانەوە.

## چارەسەری مەسەلەی میللی وەک پێوانەیەک

له بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا نوسیومانە؛ خودی ئەو پرسیارە ئایە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی لە بەرژەوەندی چارەسەری مەسەلەی کوردە یان نا؟ پرسیارێکی ناسیونالیستانەیە. چونکە چارەسەکە لە خودی خۆیدا بۆ ناسیونالیستەکان جێگای بایەخە، بەڵام بۆ کۆمۆنیستەکان ڕێگە و شێوازەکەی بایەخدارە. بۆیە ناتوانرێت ئەو پرسیارەی سەرەوە بکرێتە پێوانە بۆ دیاریکردنی سنوری هەردوو بەرەی لەگەڵبووی ڕیفراندۆم-سەربەخۆیی و لەگەڵنەبووی ڕیفراندۆم-سەربەخۆیی لەناو کۆمۆنیستەکاندا.

کۆمۆنیستەکان هیچ کاتێک، بەبێ مەرج و لەخودی خۆیدا لەگەڵ سەربەخۆیی و جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی میللەتاندا نەبوون، بەڵکو پێوانەکەیان بریتی بووە لەوەی چ ڕێگا و شێوازێک دەگردرێتەبەر بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی و هێنانەدی دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ واتا شێوازی کۆمۆنیستانە لە خستنەڕووی ئەم پرسیارەدا ئەوەیە کە بەچ ڕێگەیەک و بە چ شێوازێک ئەم پرۆسەی چارەسەری مەسەلە نەتەوەییە بەڕێوە دەچێت؟. تا بزانین باشە (بەو مانایەی لەڕاستای بردنەپێشەوەی خەباتی سۆشیالیستیدایە) یان نا.

بەمانایەک چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لەخودی خۆیدا و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە ڕێگەخۆشکەری خەباتی سۆشیالیستی نیە (وەکو ئەوەی لە ئێستادا لایەنگرانی ڕیفراندۆم لە ناو کۆمۆنیستەکاندا شیکاری بۆ دەکەن و ڕایدەگەێنن کە کۆسپێک لەسەر ڕێگای خەباتی سۆشیالیستی لادەچێت)، بەڵکو ڕێگە و شێوازی ئەو چارەسەرەیە کە ئەوە دیاری دەکات ئایە ئەم پرۆسە موشەخخەس و دیاریکراوە لە ئێستادا ڕێگەخۆشکەری خەباتی سۆشیالیستیە یان بە پێچەوانەوە پاشەکشە پێکردنیەتی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست لە کێشمەکێشی لینین لە دژی مەنشەفیەکان بە تایبەت لە شۆڕشی 1905-1907 ی ڕوسیادا، مەنشەفیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە پێویستە هاوپەیمانی بورژوا لیبراڵەکانی ئەو کاتە (و حزبی کادێت) بن بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕی دیموکراتیانە و چارەسەرکردنی مەسەلەی جوتیاری، وە پاساویان دەهێنایەوە ئەمە دەبێتە پەرەسەندی سەرمایەداری و دیموکراتیەت و ڕێگەخۆشکردن بۆ سۆشیالیزم، لە کاتێکدا لینین بە پێچەوانەوە لە دژی بورژوا لیبراڵەکان (و حزبی کادێت) دەیویست بەڕێگەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵ هەم ئاڵوگۆڕە دیموکراتیەکان بێنەدی و هەم مەسەلەی جوتیاری چارەسەر بکرێت. وە ئەمەی دادەنا بە ڕێگەخۆشکەری خەبات لە پێناو سۆشیالیزمدا، نەک ڕێگەکەی بلیخانۆف و مەنشەفیەکان. لینین لە وەڵامدانەوەی مەنشەفیەکاندا دەڵێت ئێمە و ئێوە هەردوولا هاوڕای بورژوازی هەنگاو دەنێین بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕە دیموکراتیەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەی جوتیاری، بەڵام بورژوازیمان هەیە تا بورژوازی، ئێوە هاوڕای بورژوا دیموکراتیەکی لیبراڵی سازشکار و ئێمەش هاوڕای بورژوا دیموکراتیەکی شۆڕشگێڕ.

واتا خودی هێنانەدی ئاڵوگۆڕە دیموکراتیەکان و چارەسەری مەسەلەی جوتیاری لە ڕوانگەی لینینەوە ڕێگەخۆشکەری سۆشیالیزم نەبوون، بەڵکو ئەوە ڕێگە و شێوازێکی دیاریکراوە لە هێنانەدی ئاڵوگۆڕە دیموکراتیەکان و چارەسەری مەسەلەی جوتیاری، کە دەبێتە ڕێگەخۆشکەری سۆشیالیزم. وە ڕێگە و شێوازەکەی مەنشەفیەکان (و بلیخانۆف) لەڕوانگەی لینینەوە دەبوە قایم بوونی پایەکانی دەسەڵاتی بورژوازی و پاشە کشەپێکردنی خەباتی سۆشیالیستی.

ئەگەر لەو نمونەیەوە بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی کورد و ئەو شێوازە و ڕێگەیەی کە بورژوا ناسیونالیستێکی دژە ئازادی و کۆنەپەرست گرتوویەتیەبەر بۆ چارەسەری مەسەلەکە ڕۆشنە کە ڕێگەخۆشکەری خەباتی سۆشیالیستی نابێت.

لەڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە، هیچ دیاردەیەک لە خۆیەوە و لە پڕ بەبێ بوونی پێکهێنەرەکانی (موئەلەفە) و پرۆسەیەکی مێژوویی پێشوەخت لە شکڵگیریەکەی نایێتە ئاراوە، کە هەر ئەمەشە دیاری دەکات ئەو دیاردەیە چی دەبێت. جا مەسەلە بەو سادەییە نیە کە خەڵکی لە ڕیفراندۆمێکدا دەنگ دەدەن و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دێتەدی، مەسەلەی نەتەوەیی کۆتایی دێت، فەرمانڕەوایی میلیشیایی تەواو دەبێت، و فرسەت بۆ سێکیولارەکان دەخولقێت تا خەبات بکەن لە پێناو سێکیولاربوونی یاسا و ڕێساکانی، و فرسەتیش بۆ سۆشیالیستەکان دەخولقێت بۆ بردنە پێشەوەی خەباتی سۆشیالیستی.

ئەگەر ئەو دەوڵەتە بشهێتەدی (جیا لە ئەگەری ئاڵۆزبوونی کێشە نەتەوەییەکە و بەردەوامی دان بە تێوەگلانی کۆمەڵگەی کوردستان لە کێشمەکێشی نەتەوەیی و هەتا جەنگیشدا)، بەڵێ ئەگەر ئەو دەوڵەتە بشهێتەدی لە چەشنی دەوڵەتی لوبنان دەبێت، کە زیاتر لە سی 30 ساڵیشە حوکمی میلیشیایی و تەوافقی نێوان هێزەکان دەیبات بەڕێوە، واتا هاتنەدی قەوارەیەکی سەربەخۆ بەناوی دەوڵەتەوە نابێتە هۆی کۆتایی هێنان بە زۆرنی زەرد و سەوز و حوکمی میلیشیایی، ئەوەی کە ئێستا لەناو دەوڵەتێکی لۆکاڵدا بەڕێوە دەچێت سبەی لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بەڕێوە دەچێت، وەک لوبنان کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، وەک عێراق کە ئەویش دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بەڵام تەوافقی هێزەکان و حوکمی میلیشیاکان لە ناوچە جیاجیاکاندا، وەکو زۆنی تایبەت بەهەریەک لەو هێزە میلیشیاییانە دەیبات بەڕێوە. جا بە دڵنیاییەوە بارودۆخی خەبات لە پێناو سۆشیالیزم و بۆ سێکیولار کردنی ئەو دەوڵەتەی لەم پرۆسەیدا دێتە ئاراوە نەک ئاسانتر بەڵکو سەختریش دەبێتەوە.

## جێگەورێگەی ڕیفراندۆم لەناو ستراتیژەکانی ناسیونالیزمی کورددا

تەوافق وەک مەفهومێک لە فەرهەنگی سیاسی عێراقی دوای 2003 دا، بەرهەمی ڕێککەوتنی ڕەوت و حزبە جۆراوجۆرە بورژوا مەزهەبی وقەومیەکانە لەسەر دابەشکردنەوەی پشکی دەسەڵات و ئابووری عێراق لەپشت سەری هاوڵاتیانەوە. ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی هەر لەسەرەتاوە بەشێک بوون لەو هاوکێشەیە. هەر بە چەند ساڵێکیش بە گۆڕینی هاوسەنگی هێز تەوافقەکەیان هەڵوەشاوەتەوە و سەرلەنوێ هەوڵی تەوافقێکی تازەیان داوەتەوە، ئەویش لەڕێی کێشمەکێش و دژایەتی یەکتری و پێکهەڵپڕژانی چەکدارانەش.

بە هاتنی داعش و پرۆسەی دەرپەڕاندنەکەی، ڕەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی سوننی پەراوێز کەوتەوە و هەردوو ڕەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی شیعە مەزهەبی و ناسیونالیزمی کورد بەهرەمەندی گەورەی ئەو پرۆسەیە و مەیدانداری سیاسی بوون و کێشمەکێشە سیاسیەکانی عێراق قوتبی بوونەتەوە لە دەوری ئەو دوو جەمسەرە. ئەو کێشمەکێشانەی کە سەریان هەڵداوە لەنێوان حکومەتی هەرێم (وەک ئۆرگانی ڕەسمی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد) و دەوڵەتی ناوەندی (وەک ئۆرگانی ڕەسمی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی عەرەبی شیعە مەزهەبی) بەتایبەت لە ساڵانی (2017-2014) ، بۆ گەیشتن بووە بە تەوافێکی تر لەو بارودۆخە نوێیە لە هاوسەنگی هێزی تازەدا.

هێنانەئارای پرسی ڕیفراندۆم وەک وەرەقەیەک بەڕووی دەوڵەتی ناوەندیدا لەلایەن "پارتی" (و سەرۆکی ماوەبەسەرچووی هەرێم)، جگە لە داپۆشین و کپکردنەوەی کێشەناوخۆیی و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان، بەشێکە لەو هاوکێشەیە و لە پرۆسەی گەیشتن بە تەوافقێکی تازە. ئەوەی کە لێکۆڵەرەوانی سیاسی هەر لەسەرەتاوە ئاماژەیان بەوە دەدا کە مەسەلەی ڕیفراندۆم لە لایەن "پارتی" و "بارزانی"ەوە بۆ سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەتێک نیە، لەسەر واقعیەتێکی مادی وەستا بوو، بەتایبەت کە سەرانی "پارتی" و بەرپرسانی "لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم"یش ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە دوای ڕیفراندۆم سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەت دەسپێرن بە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، وەتا ئێستاش هەر ئەوە دەڵێن.

بەمانایەکی تر ئەم پرسی ڕیفراندۆمە لە ئێستادا، بەرهەم وە بەردەوامی هەمان ستراتیژی ناسیونالیزمی کوردە کە لە ساڵی 2003 وە گیراوەتەبەر لە شکڵدانەوە بە دەوڵەتی تازەی عێراق. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایە ناسیونالیزمی کورد بەگشتی و لە ئێستاشدا بە تایبەتی "پارتی" و "یەکیەتی" لەگەڵ سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەتێکدا نین لە کوردستاندا؟

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم پرسی ڕیفراندۆمە، بەرهەمی ستراتیژێکی پێشوەختی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق و هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەکەی "پارتی" و "یەکیەتی" نەبووە بۆ سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەت، کە پێشوەخت ئامادە سازیەکیان کردبێت و بارودۆخی سیاسی ئێستا هەلێکی لەبار بێت و بیانەوێت ئەو ستراتیژە بە عەمەلی بکەنەوە، بەڵام لە جیهانی سیاسەتدا کە پرۆسەیەک دێتە ئاراوە، جۆرەها فاکتۆری تر کاریگەر دەبن و پرۆسەکە بەلایەکی تردا دەشکێننەوە کە ڕێڕەوی سروشتی خۆی نیە.

لێرەشدا گەرچی ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی تا ئێستا لە کوردستانی عێراقدا سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەت نەبووە، بەڵام لە کێشمەکێش لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا کە ئامادە نەبێت بۆ داشکان تا ئاستی خواستەکانی لە پشکی دەسەڵات و ئابووری عێراق، ئەم مەسەلەیە وەکو ئەگەرێکی کراوە لە ئارادایە، بەتایبەت لە ئێستادا کە زوربەی ناوچە جێ ناکۆکەکان و کێڵگە نەوتیەکانی ئەو ناوچانەی کەوتوتە ژێر دەسەڵاتیەوە و بۆتە خاوەن گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکاندا.

ئەوەی کە تا چەند سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەت دەبێتە ستراتیژێکی واقعی و عەمەلی بۆ ناسیونالیزمی کورد و ئاڵتەرناتیڤ بۆ ستراتیژی تا ئێستای کە هاوبەشی دەسەڵاتە لە دەوڵەتی بورژوازی ناوەندیدا لەژێر کاتەگۆری

## درێژەی... سێ ستراتیژو ریفراندۆم

"تەوافق"دا، بەستەگی بەگەلێک فاکتۆری ناوخۆیی (چ عێراقی و چ کوردستانی)، و دەرەکی (چ ناوچەیی و چ جیهانی)ەوە هەیە. باسەکەمان لێرەدا ئەوە نیە کە تا چەند ئەگەری ئاڵوگۆڕی ستراتیژ هەیە لەلای ناسیونالیزمی کوردی کوردستانی عێراق، هەروەها باسەکە ئەوەش نیە کە تا چەند ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتێک هەیە کە بێتە ئاراوە، لەسەر بنەمای ئەو ڕیفراندۆمە، لەو بارودۆخە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەدا، هەتا ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی عێراق ستراتیژەکەشی بگۆڕێ بۆ سەربەخۆیی، باسەکەمان لەسەر ئەوەیە کە گەرچی ستراتیژی تا ئێستا ناسیونالیزمی کورد هەمان ستراتیژە کە لە ساڵی 2003 وە گرتوویەتیەبەر بەڵام ناتوانرێت ئەوە بخرێتەلاوە کە پەرەسەندنی کێشمەکێش لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و گۆرانێک لەبارودۆخی سیاسی و هەڵوێستی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکاندا ئاڵوگۆڕ لەو ستراتیژەدا بێتە ئاراوە. لە ئێستادا ناسیونالیزمی کورد، لە گێژاوێکی دەرونی و سەرگێژەدا دەژیت بۆ خۆساغ کردنەوە.

گەرچی سیاسەتی هەڵخراندن (حەشد) و هێزگرتنی ناسیونالیزمی کورد بەگشتی لەسەر باوەشێنکردنی هەست و شعورێک وەستاوە بۆ هێنانەدی قەوارەیەکی نەتەوەیی، بەڵام سیاسەت و ستراتیژی عەمەلی و واقعی حزبەکانی ئەو بزوتنەوە ناسیونالیستە لەدوای ساڵی 1932 بە تێکشکاندنی بزوتنەوە سەربەخۆخوازیەکەی شێخ مەحمود بۆ هێنانەدی دەوڵەتێک، وە بەدیاریکراوی لە دامەزراندنی "پارتی"ەوە لە 1946 وە شیعاری (دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان) گوزارشی لە ستراتیژەکەی کردوە.

گەرچی جیهانی دوو قوتبی و جەنگی سارد بەسەرچووە، بورژوازیش لە کوردستاندا لە پایەیەکی ئابووری بەهێزتر بەهرەمەندە و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەش بەگشتی، بارودۆخێکی لەبارتریان هێناوەتەئاراوە بۆ گۆڕینی ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد بەرەو سەربەخۆیی، بەڵام ئەم مەسەلەیە ئیختیارێک نیە لەسەر بنەمای لێکدانەوە و شیکاری فکری، وەیا هەستوشعورێکی شاعیرانە بۆ هێنانەدی قەوارەیەکی نەتەوەیی، بەڵکو یەک وقعیەتی عەمەلی سیاسیە لەناو بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراودا. کە ئایە ئەگەری گەیشتن بە تەوافقێکی تازە هەیە کە بتوانرێت زۆرێک لە خواستەکانی ناسیونالیزمی کورد لەدەوڵەتی ناوەندیدا بێتەدی، یان ڕیسکی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و هێنانەدی دەوڵەت بگردرێتەبەر لە بارودۆخێکدا کە نە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نە لە سەر ئاستی جیهانی پشتیوانەیەکی نیە.

### تەواوی حیکایەتەکە

لەڕووی واقعیەوە، تەواوی حیکایەتەکە ئاوایە، ئەم ڕیفراندۆمە گەرچی ئەگەرێک هەیە بۆ دواخستنی بەڵام ئەگەری بەڕێوەچوونی زۆرترە و هیچ نەبێت لەسەدا پەنجاویەکی 51% دەنگەکانی "بەڵێ" مسۆگەر دەکات و سەرکەوتن بەدەست دێنێت. بەڵام بەپێی لێدوانەکانی "بارزانی" و بەرپرسانی باڵای لیژنەی ڕیفراندۆم، سەربەخۆیی ڕاناگەیێندرێت، بەڵکو ئەمە دەسپێردرێت بە گفتووگۆ و دانوسانی حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا. ئەمەش یانی هاتنەوە سەر هەمان ستراتیژی گەیشتن بە تەوافقێکی تازە، کە ئەمجارە وەرەقەیەکی بەهێز بەدەست حکومەتی هەرێم و پارتیەوەیە لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا. بەڵام لەو نێوەدا حکومەتی هەرێم (وە بە واقعی دەسەڵاتی پارتی) توانی کێشەناوخۆییەکانی کپ بکاتەوە ئاوێکی سارد بکا بەسەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و لە برسیەتیدا ڕایان بگرێت. نەک هەر ئەمەش دوای تەواوبوونی ڕیفراندۆمیش، خەڵکی لەچاوەڕوانیدا ڕادەگرن کە پرۆسەی گفتوگۆ لەسەر سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی درێژە دەکێشێت و هەر ناڕەزایەتیەک و دەنگێکی ئازادیخوازیش بێتەئاراوە بەو بیانووەوە سەرکوتی دەکەن.

جا ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانە دەبێتەوە (کە لە ئێستادا هەڵسوڕاوی کەمپینی سەربەخۆیی کوردستان و ڕیفراندۆمن)، ئەوەیە کاتێک قۆناغی دووەمی ئەم پرۆسەیە وەیا وەک دەڵێن پەردەی دووەمی شانۆکە دەست پێدەکات بە گفتوگۆکردن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بۆ "سەربەخۆیی کوردستان و هێنانەدی دەوڵەت" ئایە درێژە بە کەمپین و چالاکیەکانیان دەدەن لە قۆناغی دووەمیشدا؟ ئەگەر ڕاستگۆ بن (و ڕەخنە لە هەڵوێستی ئێستایان نەگرن) دەبێ بەردەوام بن. لەو حاڵەتەشدا، دەبنە گروپی فشار لەناو ئەو هاوکێشەدا بەسەر "پارتی" و ناسیونالیزمی کوردەوە کە سازشکار نەبن لە بەغدا لە دانوسانەکاندا، هەروەک ئێستا گروپی فشارن بۆ بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیە بەشێوەیەکی پوخت و سازش نەکردن و دوور لە دەستێوەردان و شێواندنی نادیموکراتیانە.

ئەمەش واتا درێژەدان بە جێگەوڕێگەی چەپ بوون لەناو ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عێراقدا. ئەگەر مارکس و ئەنگڵس لە ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانیادا، وە لینین لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستی ڕوسیادا لەلای چەپی دیموکراسی شۆڕشگێڕەوە وەستابوون دژی بورژوا لیبراڵ بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕە دیموکراتیەکان بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانە، ئەوا لەمڕۆدا ئەو "کۆمۆنیست"انەی کوردستانی عێراق لە لای چەپی بورژوا ناسیونالیستێکی دژە ئازادی و ناسێکیولار وەستاون بۆ هێنانەدی پرۆژەیەکی ناسیونالیستی، وەک زەمینە خۆشکەری خەباتی سۆشیالیستی!

### ئۆپۆزیسیۆنی ڕادیکاڵ و ڕەنگ سوری خوارەوەی کۆمەڵگە

بەشێک لە کۆمۆنیستەکان کە پێشوەخت ستراتیژی خۆیان لەسەر ئەوە داڕشتووە سەربەخۆیی کوردستان و بوون بە دەوڵەتی پێویستە وەک لاچونی کۆسپێک لە بەردەم خەباتی سۆشیالیستی و بۆ هێنانەدی سۆشیالیزم لە کوردستاندا، وە لێرەوە هاوڕای ئەم ڕیفراندۆمەی ئێستان. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەوەی لەگەڵ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی نەبێت لایەنگری لە بارودۆخی ئێستا و مانەوەی کێشەی کورد دەکات لەناو عێراقێکی فیدراڵی قەومی، تائیفی و مەزهەبی کۆنەپەرستدا، چونکە ستراتیژێکی تر نابیننەوە بۆ خەباتی سۆشیالیستی و هێنانەدی سۆشیالیزم جگە لەوەی کە دەبێ کوردستان سەربەخۆ و خاوەن دەوڵەت بێت، ئەمەش بەعەمەلی واتا خەباتی سۆشیالیستی وهێنانەدی سۆشیالیزم دەبەسترێتەوە بە مەرجی سەربەخۆیی و هاتنەئارای ئەو دەوڵەتەوە، بەمانایەکی تر ئەگە نەشڵێین دەستبەرداری خەباتی سۆشیالیستی بوون لە ئێستادا، ئەوا ئەم خەباتە دوادەخەن بۆ ئایندەیەکی دوور دوای هاتنەئارای دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ ئەو کاتەی ئەو پێشمەرجە دێتەدی.

جا ئاکامی لۆژیکی ئەو ستراتیژە لە جیهانی واقعیدا وای لێدێت کە تەواوی هەڵسوڕان و چالاکی ئەو کۆمۆنیستانە لە ئێستادا دەکەوێتە جێگەوڕێگەی ئۆپۆزیسیۆنێکی چەپ و ڕەنگ سوری ڕادیکاڵی جەماوەری و خوارەوەی کۆمەڵگە دژی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا. وە بەپێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستڕەوی ریفۆرمیستی پەرلەمانی و سەرەوەی دەسەڵات ("گۆڕان" و "ئیسلامیەکان") کە خوازیاری دەسەڵاتن لە هەرێمەکەدا، ئەم ئۆپۆزیسیۆنە جەماوەریەی خوارەوە، داخوازی خۆی بۆ دەسەڵات پەیوەست دەکاتەوە بە سەربەخۆیی و هاتنەدی دەوڵەتێک لە کوردستاندا.

لە جیهانی واقعی و عەمەلیشدا ئەم ئۆپۆزیسیۆنە چەپ و سورە کە دەیەوێت ڕابەر و ڕێکخەری فشارێکی ڕادیکاڵی خواروەی کۆمەڵگە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بێت دژی دەسەڵات، وەک لیبراڵیزمێکی چەپ تەواوکەری لیبراڵیزمی ڕاستڕەوی پەرلەمانی و سەرەوەی کۆمەڵگەیە لە هاوکێشە ساسیەکانی ئێستای کوردستاندا. هەڵسوڕانی خۆبەخشانەی ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانە بۆ بەڕێوەچوونی "ڕیفراندۆم" و "کەمپینی سەربەخۆیی" بۆ پڕۆژەکەی "پارتی" بەشێکە لە کۆمەگی کردن بە مانەوە و پتەوکردنی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد چ لە ئێستای هەرێمەکەدا وە چ لە ئایندەی قەوارەیەکی سەربەخۆی دەوڵەتیدا.

### مەنسور حیکمەت و سەربەخۆیی لە سیاسەتەکانی بورژوازی

سەبارەت بە هاوڕێ مەنسور حیکمەت و سیاسەتی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیست، هەر کەسێک بەچاوێکی واقعی نوسراوەکانی هاوڕێ مەنسور حیکمەت لەسەر ئەو بابەتە بخوێنێتەوە دەبینێت ئەم سیاسەتە لەبەرامبەر بارودۆخێکدا گیراوەتەبەر کە کۆمەڵگەی کوردستان ببووە ئۆردوگایەکی ئاوارەنیشین و لەسەر کۆمەگی نێودەوڵەتی ژیان و بژێوی دانیشتوانەکەی بەڕێوە دەچوو وە بارمتەیەک بوو بەدەست ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانیەوە دژی ڕژێمی بەعس بۆ پیادەکردنی پلان و ستراتیژی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەربەخۆیی لەو کاتەدا هەم وەڵام بوو بە ستەمی نەتەوەیی، هەم گەڕانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو بۆ بارودۆخی ئاسایی و دەرهێنانی لەو حاڵەتە بارمتەکراویەی دەستی ئیمپریالیزم بە پاسەوانی حزبە ناسیونالیستەکانەوە. ئەمە سیاسەتێکی کۆمۆنیستی دروست بوو کە دەبوا کۆمۆنیزمی ڕێکخراوی ئەوکاتەی کوردستان لە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا) لەهەوڵی هێنانەدیدا بوایە بۆ قڵپاندنەوەی تەواوی ئەو بارودۆخە هەم بەدژی دەسەڵاتی بورژوازی ناوەند (بەعس) و هەم بەدژی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و حزبە بورژوا ناسیونالیستە کوردیەکانی گرێدراو پێیەوە.

جا هەر چاودێرێکی بێ لایەن کە سەیری بارودۆخی ئێستای کوردستان بکات دەبینێت سەدوهەشتا (180) پلە جیاوازە لەوبارودۆخەی ئەو کاتەی کە ئەو سیاسەتەی بۆ گیراوەتەبەر. بۆیە لە ئەلگۆبەرداری و کۆپیکاریەکی شکڵی بێ ناوەڕۆک هیچ شتێکی تری لێدەرناچێت کاتێک هەڵوێستی هاوڕێ مەنسور حیکمەت لە نەوەتەکانی سەدەی بیستدا بکرێتە بیانووی لایەنگری کردن لە پڕۆژەی "پارتی" بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئەم ڕیفراندۆمە لە ئێستادا.

بەم پێیە سیاسەتی سەربەخۆیی لە نەوەتەکانی سەدەی بیستدا لە هەموو ڕوویەک و لایەنێکیەوە دژی بورژوازی و بەشێک بوو لە پاراستنی سەربەخۆیی کۆمۆنیستی لە سیاسەتەکانی بورژوازی لە چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی و کێشەی کورد لە عێراقدا، بەپێچەوانەوە سیاسەتی هاوڕابوونی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی ئێستا لەدەستدانی ئەو سەربەخۆییە و تێکەڵ بوونەوەیە لەگەڵ ستراتیژ و سیاسەتەکانی ناسیونالیزم.

### دابڕانی هەمەلایەنە لە ئاسۆی فکری سیاسی ناسیونالیزم

باس لەوە دەکرێت کە مانەوەی مەسەلەی کورد بیانوویەکە بەدەست ناسیونالیزمی کوردەوە تا هەموو قەیران و گرفتێکی کۆمەڵگە و ملهوڕی و ئاکامە کارەساتبارەکانی دەسەڵاتدارەتی خۆی بەوە پەردەپۆشی بکات.

پێشتر ئاماژەمان بەوە داوە کە لە دوای 2003 زوڵمی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی گشتی لەئارادا نەماوە لە کوردستانی عێراق و شعور و هەستی نەتەوایەتی هەروەک لە هەرێمەکانی سکۆتلەندی بریتانیا، کاتەلۆنیای ئیسپانیا و کبیکی کەنەدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی بورژوازی لەو هەرێمانەدا دوبارە بەرهەم دێتەوە، لە کوردستانی عێراقیشدا بەهەمان شێوە نەک لەسەر بنەمای زوڵم و ستەمی نەتەوەیی بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی بورژوازی دوبارە بەرهەم دێتەوە.

ئەمەش زەمینەیەکی ڕەخساندوە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە هەوڵدانیاندا بۆ باشکردنی ژیان و خۆشگوزەرانیان، لە ناڕەزایەتیەکانیان و خەباتیاندا بەدژی ئەم دەسەڵاتە بتوانن لەم دەسەڵاتە داببڕێن و لێی جیاببنەوە. وە بە عەمەلیش نمونەی ئەوە زۆرە جگە لە شەپۆلی ناڕەزایەتی دوومانگەی ناسراو بە 17 ی شوبات(ی 2011)، مانگرتن و خۆپێشاندانەکانی دوساڵی ڕابردوو لە ئۆگۆستی 2015 و کۆتایی سێپتێمبەری 2016 کە تا سەرەتای ساڵی 2017 ی خایاند، جەماوەری ناڕازی بە سمبۆلی دارەمەیت خستنەسەر شانیان کە ناوی حکومەتی هەرێمی لەسەر نوسرابوو، هەروەها بە بۆیە کردنی چەند بەرمیلێک بەڕەنگی هەر پێنج حزبەکەی حکومەتی بنکەفراوان و خلۆرکردنەوەیان بەشەق، گوزارشێکی سمبۆلیکە لەو دابڕان و بۆشاییە گەورەی نێوان دەسەڵات و جەماوەر. هەرچەند خودی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەریانە دژی ئەم دەسەڵاتە خۆی لەخۆیدا بەمانایەک دابڕانە سیاسی و عەمەلیەکەیە لەم دەسەڵاتە، بەڵام ئەو "ئەپەسۆد" یا "کلیپ"انەی ناو خۆپێشاندان و مانگرتنەکانیش کە هێناومانەتەوە باشتر ئەو دابڕانە بەرجەستە دەکەنەوە.

ئەم دابڕانەی نێوان دەسەڵات و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ئامادەگی ئەو جەماوەرەیە بۆ جیابوونەوەی یەکجاری لە ئاسۆی فکری سیاسی ناسیونالیزم بەمەرجێک لە دەرونی ئەو ناڕەزایەتیانەدا کۆمۆنیزم خۆی وەک ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی ئەو دەسەڵاتە بەرجەستە بکاتەوە، نەک وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕادیکاڵی سور خۆی بنوێنێ. وە تاوەکو لەباری سیاسیەوە کۆمۆنیزم لە کوردستاندا خۆی وەک ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا بەرجەستە نەکاتەوە کە خوازی گرتنەدەستی دەسەڵاتە لەڕێگەی تێکشکاندنی ئەو دەسەڵاتەوە، ئەم دابڕانەی جەماوەر سەرناکێشێت بۆ دابڕانێکی تەواو و یەکجاری لە ئاسۆی فکری سیاسی ناسیونالیزم و ڕەوتە بورژواکانی تر، جا لەبری ئەوە ئێمە لە 2015 و 2016 دا شاهیدی ئەوە بووین کە هەردوو "حکک چەپی عێراق" و "حکک کوردستان" بە پشتیوانی "حکک عێراق" سەبەخۆیی کوردستان و جیابونەوەیان لە عێراق لە بەیاننامەکانیاندا وەک ڕێگەچارە نیشانی خەڵک دەدا.

وەتا ئەو شوێنەش پەیوەستە بە "ستراتیژی هاوپشتی خەباتی چینایەتی و نێونەتەوەیی"ەوە، ئەویش ناتوانێت ئەو ئەرکە بێنێتەدی چونکە

## درێژەی ... نارەزایەتی جەماوەری لەبەرامبەر راسیزمدا

بیڕێزیە بە ژنانی سەرکوتکراو و ئازاردراو بەدەستی ئەو دوکتورە ڕەگەزپەرستە. کە بەم شێوەیە نووسراوە :دوکتۆری نەشتەرگەرو و خێرخواز،دامەزرێنەری نەخۆشخانەی ژنان لە شاری نیۆیۆرک. بۆ ڕێزلێنان لەو خزمەتەی کە لە پێناو... زانست و مرۆڤایەتی کردویەتی". هەروەها لە لایەکیتریش دەڵێت :" دەسکەوتە درەوشاوەکانی ئەم دوکتۆرە ناوبانگی ئەمەریکای لە بواری نەشتەرگەریدا بە دنیا گەیاند".

بۆیە قسەوباسی ئێستای خەڵک لەسەر ئەوەیە کە ئایە دەبێت ئەو پەیکەرە لاببرێت، یاخوود لێی گەرێن لەو شوێنە بێت، یان ئەوەتە ببیەنە شوێنێکی تر؟. ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی هارڵێم بۆ پاراستن بە دەستی کامپینەکەی کردووە لە ساڵی ٢٠٠٧ وە بۆ پاڵپشتی لە کۆششەکانی چالاکوان ڤیۆلا پلەمەر کە ئەندامی بزووتنەوەی دوازدەی دێسەمبەرە بۆ وریا کردنەوەو ئاشنایی کردنی جەماوەر بە تاقیکردنەوە دڕندەییەکانی دوکتۆر سیمز. بۆیە هەر ساڵی پار چارلس بارن (Charles Barron)کە ئەندامی ئەنجوومەنی شاری نیۆیۆرکە سکاڵایەکی لەو بارەوە ئاراستەی دەسەڵاتداران و لایەنی پەیوەندیدارەوە کرد بۆ لابردنی ئەو پەیکەرە. هەروەها ئێستا پێشنیارێک بەرێوەیە کە لە جیاتی ئەو دوکتۆرە ئەو ژنانە ڕێزیان لێبگیرێت کە بەدەستی ئەو لە ناوچوون و ئازاردراون وە تاقیکردنەوەی پزیشکیان لەسەر ئەنجام دراوە.

ڕاپۆرتێکی پریسی ڕۆژهەڵاتی هارڵێم بڵاوی کردەوە کە ساڵی ٢٠١١ کە ئەو کات مارک ڤیڤێریتۆ ئەندامی ئەنجوومەنی شارەکە بوو داوای لە دەسەڵاتدارانی بەشی پارکەکان کرد کە ئەو پەیکەرە لا ببەن، چونکە ئەو پەیکەرە هەمیشە لە ڕووی مێژووییەوە هەڵاواردن دێنێتەوە بەرچاو، کە ژنانی ڕەشپێست لە ئەنجامیدا ئازار و ئەشکەنجەیان خواردووە و منداڵێکی زۆری ڕەشپێستەکانیش مردوون بەدەست ئەو کەسەوە کە ئێستا پەیکەری نەمری بۆکراوە و بە بەرچاوی خەڵکیشەوەیە هەمیشە. کە ئێستا جوداخوازی و هەڵاواردن قەبوڵکراو نیە لە ناوچەکەماندا، و دانیشتوانی ئێرە دژی هەرجۆرە هەڵاواردنێکن لەسەر بنچینەی ڕەنگ و ڕەگەز.

بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی بەشی پارکەکان داوای لابردنی ئەو پەیکەرەیان قەبووڵ نەکرد لە ژێر بیانووی : " شارەکەمان کاری هونەری لانابات" لە پێناوی ڕازی کردندا". بۆیە دیسان لە ساڵی ٢٠١٦ دا بە هەمان شێوە ئەوجارە بۆردی کۆمیونیتی ژمارە یازدە داوای لابردنی ئەو پەیکەرەی کرد. لەو ساڵەدا خەکی گەڕەک و تەواوی کۆمیونیتیەکە یادی بابو پارانیان کردەوە و کارە قێزەونەکانی ئەو دوکتۆرەیان شەرمەزار کرد کە لە دژی ژنان و منداڵانی ڕەش پێست و لەشی ژنانی ئەمەریکای لاتینی ئەنجام داوە. ڕاگەیاندنی " ئی،ئێچ،پی EHP "لە شوباتی ساڵی ٢٠١٧ دا لە پانێڵێکدا لە تەلەفیزیۆنەوە گفتوگۆی لەسەر ئەو بابەتە کرد بە ئامادەبوونی نووسەری بەناوبانگ هاڕییەت واشنگتۆن( Harriet Washington). ئەو ڕێکخراوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە کە پاڵپشتی زیاتری خەڵک و دانیشتوانی دەوروبەر بەدەست بێنێت بۆئەوەی فشاری زیاتر بخاتە سەر ئیدارەی پارکەکان تا ئەو پەیکەرە ڕاسیستیە لابەرن.

ئی،ئێچ،پی ڕای دەگەێنێت کە: "سیمز پاڵەوانی ئێمە نیە". وە هەروەها ئەو ڕێکخراوە دەیەوێت هەمیشە خەڵک ئەوە بزانێت کە بوونی ئەو پەیکەرە دژایەتیەکی ڕاستەوخۆیە، و شەرمەزاریشە بۆ دانیشتوانی ڕەش پێستی بە ڕەگەز ئەفریقی کە زۆرایەتی پێکدەهێنن، وە هەروەها بەرامبەر پیۆرتۆ ڕیکانیەکانیش لەو ناوچەیەدا کە زۆریان چێشتووە بەدەست ئەو دوکتۆرەوە. ئەو دوو گرووپە زۆریان تاقیکردنەوەی پزیشکی لەسەر کراوە، و بە هۆی ئەوەشەوە زۆریشیان لێ مردووە. لەوەش زیاتر ئەوەتانێ هەر لە نێو ئەو دوو گرووپە ئەمەریکیە ئەفریقیە ڕەش پێستەکان و پیۆرتۆ ڕیکانیەکاندا ژنان و پیاوانی واهەن لە بوارەکانی زانست و کاری پزیشکیدا، کە جێ پەنجەیان دیارە، و دەبێت وەک پاڵەوانی خۆمان سەیریان بکەین لە بواری مرۆڤایەتیدا. ئی،ئێچ ،پی دەڵێت دەبێت منداڵەکانمان ئەوانە بناسن، و بزانن کە ئەوانە بوون خزمەتیان بە ئێمە کردووە دەبێ بزانن کە ئەوانە کاریان چی بووە لە ژیانیان دا.

لە کۆتاییدا:

پەیکەری سیمز،وەک و پەیکەرەکانی تری وڵات، دەسەڵاتداریی سپی پێستە پیاوکوژ و خاوەن کۆیلەکان وەبیر دەهێنێتەوە. هەروەها بەردەوامی دەدا بە دیدگا و بۆچونێک کە ئەو "دکتۆرە وەحشیە "؛ لە جیاتی ئەوەی کە وەک کەسێکی سادیستیک (ئەو کەسەی کە خۆشی دەبینێت لە ئەنجامی ئازاردانی خەڵکیدا) ی ڕەگەز پەرست کە تەواوی داهێنانەکانی لەسەر حیسابی کۆیلایەتی ڕەشپێست، و لاتینیە ئەمەریکەیەکاندا بووە، بووەتە باوکی زانستی پزیشکی ژنان و پیاوێکی خێرخوازو و بەخشندە لە بواری زانستی پزیشکی دا.

## پاشماوەی... دوا وتە

سیماو تایبەتمەندیەکی جێ کەوتوو. بۆیە ئەم بانگەشەیەش هیچ راستیەکی تیانییە و لەراستییدا هەوڵدانە بۆ دزینی نەخێری خەڵک و بەکاربردنی لەناو پرۆسیسی رەتکردنەوەی ریفراندۆمی جوڵانەوەی نەخێردا.

مەسەلەیەکی تر هەیە، کە چ جوڵانەوەی نەخێرەکان و چ زۆرێک لە نوسەرو ئیلێتی کوردی، پەنای بۆ دەبەن ئەوەیە، کە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە موڵکی پارتی و بارزانی، یان بە موڵکی پارتی و یەکێتی دەزانن و لایان وایە ئەگەر بلێن نەخێر بۆ ریفراندۆم ئەوە نەخیرە بە پارتی و یەکێتی و کێشانی هیڵێکی ترەو لەو ریگایەوە دەتوانن خەڵکی کوردستان بخەنە... بەرامبەر بە پارتی و یەکێتی... دیارە ئەوە راستە کە خەڵکی کوردستان بێ کۆتا لەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی و میلیشیایی یەکێتی و پارتی و حکومەتە ناوەرۆک خاڵیەکانن، وە تورەیی خەڵکی کوردستان لەو دەسەڵاتە رۆژ بەرۆژ زیاتر هەڵدەکشێ، جوڵانەوەی نەخیرو بەشێک لە نوسەرو ئیلێتی کوردی، لەسەر مەبنای ئەو تورەیی جەماوەرەوە، بەرخورد بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەن... ئەوەی لەو نێوەدا ئەم بەرێزانە نایانەوێت لێی حالی بن و دانی پیابنێن، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان پرسی ریفراندۆم و ویستی سەربەخۆیی و بوون بە دەوڵەت بوون، لەگەڵ دەسەڵاتی سەرکوتگەرانە و تاڵانچی پارتی ویەکێتی وەکو یەک کەیس، یەک پاکیچ نابینن... هەر ئەوەشە کە چ جوڵانەوەی نەخێر و چ نوسەرو بژاردەی سیاسی و توشی رامان و بن بەست کردووە.

بۆ دژایەتیکردنی پارتی و یەکێتی، کەیسی وەستانەوە بە رووی ریفراندۆم و سەربەخۆیدا، کایەیەکی دۆراوە. چونە پشت ریفراندۆم و سەربەخۆیی وسازدان و رێنوێنیکردنی خەڵکی کوردستان کە تیایدا ئیرادەی سیاسی خۆیان بخەنە گەرو نەهێڵن گۆرەپانەکە تەنها پاوانی گەمەی پارتی و یەکێتی بێت و بۆ مەبەستی حزبی و بنەماڵەیی خۆیان بەکاری بێهنن ئەو کەیسەیە کە دەتوانێت، پارتی و یەکێتی توشی سەدمەو پاشەکشە بکات و گورزی کوشندەیان ئاراستە بکات.

تا ئەو کاتەی پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەت لە کوردستان وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە، پارتی و یەکیتی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، سەرباری تورەیی و نەخیری خەڵکی کوردستان بەو دەسەڵاتە، دەتوانن لەهەر برگەو دەورەیەکدا، هەر بەکەیسی سەربەخۆیی دەوڵەت سازییەوە خۆیان دوبارە بەرهەم بهێنەوە و بازسازی بکەن. پرسی خەڵکی کوردستان و سەربەخۆیی لە نەبوونی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەو حزبی پێشکەوتنخوازدا، دۆسیەیەکە کە ئەوان هەمیشە دەتوانن بەدەستیەوە بگرن.

هەروەها خەڵکی کوردستان بەو هۆیەوە کە لەماوەی دەیان دەهەدا، روبەرووی کوشتن و راوەدونان و ئاوارەیی و کوشتاری بەکۆمەڵی وەکو کیمیایی و ئەنفال... بونەتەوە بەدەست رژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراقەوە، وە بەچاوی خۆیان سەرکوتگەری رژیمەکانی تر لە ناوچەکە دژی بەخەڵکی کوردستان دەبینن... بوون بەدەوڵەت و دورکەوتنەوەیان بەشێوەی فەرمی لەو دەوڵەتە سەرکوتگەر و دژە ئینسانیانە، بە خواست و خەونێکی جوان دەزانن و وێلی ئەو خەون و خواستەن. بۆیە گوێ نادەن بەوەی چ هیزێک و چ حزبێک بانگەشەی جیابوونەوە پیکهاتنی دەوڵەت و سەربەخۆیی دەکات. بۆیە سەرباری نەفرەت و تورەییان لەو حزبانەی بانگەشەی سەربەخۆیی بەدەستەوە دەگرن، تەنانەت بێ گویدانە ئەوەی ئایندەی ئەو سەربەخۆیی و دەوڵەتە چۆن دەبێت، دەچنە پشتی و بە هەنگاوێکی دەزانن بۆ رزگاری.

نەفرەتی خەڵکی کوردستان لە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، یەکسان نییە بە نەفرەتی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت لەسەر دەستی ئەو حزبانە. وە لایەن و هەوڵکیش بۆئەوەی وەستانەوە بە رووی ریفراندۆم و سەربەخۆیدا، یەکسان بکرێت بە واتای وەستانەوە بە دژی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، لە بنەڕەتدا هەوڵێکی بێهودەیەو هیچی لێ سەوز نابێت... بەتایبەتیش ئەگەر ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین، پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەتسازی و جیابوونەوە لە شوینیکی وەکو کوردستاندا، تایبەتمەندی خۆی هەیە و یەکێکیش لەو تایبەتمەندیانە ئەوەیە ئەوەی کە ئەو دۆسیە بەدەستەوە دەگرێت یان دەبێت حزبی باڵادەست لەپشتی بێت، یان خۆی بیکات... چونکە هەر ئەو حزبە سیاسیە باڵادەست و دەسەڵاتدارانە بە زۆری هێز ریگە بەهیچ رەوت و ناوەندێکی تر نادەن دەست ببات بۆ چارەسەری دۆسیە گرنگ و چارەنووسازەکان... لە کوردستاندا بە لۆژیکی ژمارەی کورسی پەرلەمان، هیچ شتیک یەکلانابێتەوە، ئەوە لۆژیکی هێزە پەرلەمان دروست دەکات، هەڵدەوشێنێتەوە، کارای دەکات، دای دەخات، ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان، دەکاتە کاریکاتیر...

پارتی و یەکێتی، بەخستەگەری دەزگا راگەیاندنەکانیان و گێرانەوەی هۆکارەکانی برسێتی و بێ موچەیی و گرانی و نەداری، تا دەگاتە بێ یاسایی و بێسەرەوبەرەیی، ...تاد، بۆ بەغداو راگەیاندنی ئەوەی کە ئەوانە بەشێکی زۆری خەتای دەوڵەتی مەرکەزییە، خەتای مل نەدانی بەغدایە بە ریکەوتننامەکانیان لەگەڵ کورد، هۆکاری پابەند نەبوونی بەغدایە بە هاوبەشێتی سیاسی، ئەوانە بێکاریگەر نین لەسەر خەڵکی کوردستان... بەتایبەتیش کە بەشی فراوان لە خەڵکی بە شێوازی جۆراو جۆر لەگەڵ ئەوەشدا تورەن، بەڵام بە حزبەکانەوە بەستراونەتەوە.

دەنگە نەخێرەکان و جوڵانەوەی نەخێر دەیانەوێت تورەیی لە دەسەڵاتی ٢٦ ساڵەی پارتی و یەکێتی بکەنە، پاساو بۆ دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی... بەو کارەشیان سزای خەڵکی کوردستان دەدەن، نەک دەسەڵات. چونکە باش دەزانن دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەهیچ جۆرێک یەکسان نییە، بە خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دەست راگەیشتن بەدەوڵەت. تەنانەت ئەو کاتەش کە پارتی و یەکێتی سوێندیان بەیەکپارچەیی عێراق دەخوارد و جیابوونەوەو سەربەخۆیان بە خەونی چۆلەکە و شاعیرانە لەقەڵەم دەدا، خەڵکی کوردستان هەر خواستی جیابوونەوە دەست راگەیشتن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، خواستی سەرەکیان بووە.

دەنگە نەخێرەکان و جوڵانەوەی نەخێر ئەگەر نەفرەتیان لە پارتی و یەکێتی، بنەمای وەستانەوەیانە بە رووی ریفراندۆمدا، ئەو مافەیان نییە ئەو مافە لەخەڵکی کوردستان بسەننەوەو تۆڵە لەدەسەڵات، بکەنە تۆڵە لە خەڵکی کوردستان، وە مافیان نییە ئەو پرسە بکەنە موڵکی پارتی و یەکیتی...

ئەگەر بەراستی جدین لە دژایەتی پارتی ویەکێتی، بفەرموون لە هەڵبژاردنی داهاتوودا" کە برواتان بە هەڵبژاردن هەیە" کەنزیکە، بفەرموون بایکۆتی هەڵبژاردەنەکان بکەن و بانگەوازی خەڵکی کوردستان بکەن سزای ئەو حزبانە بە بایکۆتی دەنگدان و هەڵبژاردن بکەن... نەک لەرێگای دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کە زۆرتر پەیوەندی بە کۆتاییهێنان بە پەیوەندی ناهاوسەنگ و نەخوازاوی هەریم بە بەغداوە هەیە...

لایەنگرانی جوڵانەوەی نەخێرو جوڵانەوەی نەخێر... مافی خۆیانە بانگەوازی خەڵکی کوردستان بکەن کە بەنەخێر دەنگ بدەن یان بایکۆتی ریفراندۆم بکەن... بەڵام بۆ ئەو کارەیان پێویستە هۆکارەکان و مەبنای ئەو هەڵوێستەیان بەیان بکەن، نەک وتنەوەی چەندین دەستەواژە کە بۆ دەیان ساڵی تریش دەست دەدەن و کارایان لەدەست نادەن. یان نابێ دزینی نەخێری خەڵک لەو دەسەڵاتە، بکەنە مەبنای نەخێری خۆیان بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی...

نەخێر وتن بۆ دەسەڵات شتیکەو نەخێر وتن بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی مەسەلەیەکی تر... جوڵانەوەی نەخێرەکان... ئەو دوو مەسەلەیە هوشیارانە تیکەڵ دەکەن... و لەراستیشدا نەک هیچیان بۆ وتن لانییە... بەڵکو لە دزینی دەنگی نەخێری خەڵکیشدا بە دەسەڵات راستگۆیی نیشان نادەن. خەڵک زۆر لە جوڵانەوەی نەخێر بە ریفراندۆم لەدەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و کارنامەی ٢٦ ساڵەیان تورەترن، بەڵام خواستی سەربەخۆیی بە خواستی رەوای خۆیان دەزانن و نەک بە موڵکی پارتی و یەکێتی. جوڵانەوەی نەخێرەکان، پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و دەست راگەیشتن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە موڵکی دەسەڵات و پاوانی پارتی و یەکێتی دەزانن، ئەمەش ریشەی دژ بوونیانە بە خواستی خەڵکی کوردستان...

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

دوا لاپەڕە
ژمارە (12) 15/9/2017
بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نوسەرانی ئەم ژمارەیە:
نادر عبدالحمید،نوری بەشیر، شوان عەزیز، عەبدوڵا مەحمود، ئاراس ڕەشید، ڕێبوار ئەحمەد، عبدالرحمن ڕەسوڵ، مەنسور حیکمەت

سەرنووسەر: عەبدولا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

# یاداشتی ڕۆژانەی شارێک کە ناوی بەیرووت بوو

هۆنراوەی نزار القبانی ..... وەرگێڕانی بۆ کوردی: بەکر ئەحمەد

کێ بوو ڕێیدا مارکسی نەفرەتلێکراو بێتە لوبنان؟
کام باڵوێزخانەی لوبنان بوو ڤیزەی پێدا؟
لە گومرکی فڕۆکەخانە بۆ کەس جانتای نەپشکنی؟
ئەو مارکسە نەفرەتلێکراوە ماڵەکانمانی کاولکرد
ژنەکانمانی بێوەژن و مناڵەکانیشمانی هەتیو
پەیوەندییە مێژووییەکانی لوبنانیشی ژێرەو ژوورکرد.
من ئەوم خۆش ناوێت، نا من ئەوم هیچ خۆش ناوێت.
ئەو ڕۆژەوەی لە یەکێك لە چێشخانە شەعبییەکانی گۆڕەپانی بورجدا
بینیبوویان پاقلە دەخوات
لەگەڵ خەڵکی سادە دەدوێ
کتێب و نووسراوەی بیروباوەڕیان بەسەردا دابەشدەکات،
لەو ڕۆژەوە دڵنیابووم، ئەو لە گەشتیارەکانی دی ناچێت.
بەڵام هاتووە تا پیلانێکی کاولکەرانە جێبەجێ بکات.
ئەو هاتووە
تا چاو لە برۆ هانبدات و
پێ لە سەر و
بازرگانەکانی بەستاتیش لە بازرگانەکانی شەقامی حەمرا و
خانووە تەنەکەکانیش لە ماڵە ئەلەمنیۆمەکان هانبدات.
مارکس چیداوە لەوەی کە خوا دروستی کردووە؟
بۆ دەیەوێ مەشیئەتی ئیلاهی بگۆڕێت؟
ئاخر خوایە کە فەقیر و دەوڵەمەندی خوڵقاندووە
هەروەکو چۆن شەو و ڕۆژ و
ئەوانەی نان و چا دەخۆن و
ئەوانەیشی کە کاڤیار و شاتوبریان دەخۆن و کۆنیاك دەنۆشن.
هەر خوایە کەری دروستکردووە و ئۆتۆمبیلەکانی "ڕۆزڕایس"یش.
جلی کۆنە و جلەکانی بیارگاردانیش.
ئەو مندالانەی لەسەر حەسیر بەدنیا دێن و ئەوانەیشی لەسەر فەرش چاوهەڵدێنن.
خوا ئەوانەی خوڵقاندووە کە لە فرمێسکی خۆیان دەخۆنەوە و
ئەوانەیشی ئاوی ئیڤیان و ڤیشی دەنۆشن.
بەرلەوەی ئەو مارکسە نەفرەتلێکراوە بێتە لوبنان
ژیان خۆش و شیرین بوو، هەموانیش بەبەشی خوا ڕازی.
هەژاران بە هەژارییان و
دەوڵەمەندان بەدەوڵەتیان.
پێ و سەرەکان پێکەوە دەژیان و
بڕواشیان بە موعجیزەی لوبنانی بوو.
بەڵام کاتێ کارڵ مارکس تەشریفی هێنا و
بووە هاوڕێی دەستفرۆشان، بەننا، کۆڵکێشەکانی بەندەر
شۆفێری تاکسی، بلیت و یانسیبفرۆشەکان
پاش ئەوەی بووە ئەندامێکی چالاکی نەقابەکانی کرێکاران و
یەکێتییەکانی قوتابیان
شتەکان دەستیانکرد بە لەرزین.
پێیەکان داوای گۆڕینی هەلومەرجە نامرۆڤایەتییەکان کرد و
توڕەیی تەقییەوە.
زوڵملێکراوان زانییان خوا بەر پرسی زوڵمیان نییە.
بەڵکە ئەوە ئینسانە دەچەوسێنێ و
پێست دەگورێ و دوایش دەیخوات.
بەڵام پێویست بوو بەیروت بسوتێت
تا ئەوانەی کاڤیار و شاتووبریان دەخۆن پێبزانن:
کە هەژاری کافرە
برسێتی کافرە
نەخۆشی کافرە
تاکو پێبزانن؛ کاتێك ئینسان برسی دەبێ
دانەکانی لە گۆشتی مانگیش گیردەکات.

لە دیوانی: یومیات مدینه کانت اسمها بیروت

## دوا ستوون

# نەخێرەکان و جوڵانەوەی نەخێر دەڵێن چی؟



سەرەتا دەبێ بە پێداگری لەراستیەک دەست پێبکەم. لەریفراندۆمدا، چۆن دەنگدان بە "بەڵێ" مافی هەر تاکێکە، ئاواش دەنگدان نەدان و دەنگدان بە "نەخێر" یش، مافی هەر تاکێکە... وە چۆن حزب و لایەنی سیاسی و جەماوەری و مافی خۆیانە بانگەشە بۆ بەڵێی ریفراندۆم بکەن، بەهەمان شێوەش حزب و رێکخراوەی سیاسی و جەماوەری و هەر کۆرو کۆمەڵەیەک مافی خۆیانە بانگەشە بۆ نەخێر و بایکۆتیش بکەن. ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستمە ئەوەیە کە نەخێرەکان و جوڵانەوەی نەخێر، هیچ ناڵێن...

هەرکەسێک چاودێری دۆخی سیاسی کوردستان و پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆی و بانگەشەکانی نەخێرەکان و جوڵانەوەی نەخێر بکات، راستی هیچ نەوتی جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادا دەبینێ. جوڵانەوەی نەخێرەکان هیچ شتێکی تازە ناڵێن. ئەوان دەڵێن ریفراندۆم لە ئێستادا کاتی نییە، وڵاتانی ناوچەکەو غەرب و بەتایبەتیش ئەمریکا لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نین، دەڵێن ریفراندۆم و شەرو کوشتار بەدوای خۆیدا دەهێنێ، دەڵێن نەخێری ئێمە نەخێر نییە بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، نەخێرە بۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و کارنامەی ٢٦ ساڵەیان، وە دەڵێن خەڵک دەبێ بەشداری ریفراندۆم بکات، بەڵام بەنەخێر دەنگ بدات و ئەگەر خەڵک بەشداری نەکات ئەوا دەسەڵات دەنگەکانی ئەوان بەبەڵێ دەقەبڵێنێ یان لەجێی ئەوان بەڵێ دەخەنە سندوقەکانەوە ...تاد. یان دەڵێن ئەوە بۆ دروستکردنی میرنشینی بارزان و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی پارتییە...تاد.

ئەم دروشم و دەربرینانەی جوڵانەوەی نەخێرەکان، هیچی تازەی تیا نییە، ئەگەر لە جێگای ئەمساڵ دوای دەیان ساڵی تریش باسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم بکرێت، هەمان ئەو قسەو دروشمانە دەشێ بوترێن، وڵاتانی ناوچەکەو ئەمریکاو غەرب لەگەڵی نین، ئەگەری شەڕ و دەستێوەردانی سەربازی دەبێت، تەبایی ناو ماڵی کورد" ریزی بێ کێشەی حزبەکانی بورژوازی کوردستان"، وەدی نایەت.

ئەگەر بڕیار بێت ئەوانە نەمێنن کەواتە بڕیار بڕیاری پشتکردنە ریفراندۆم و سەربەخۆییە بۆ ئەبەد، چونکە نەوڵاتانی ناوچەکە هەرگیز لەگەڵ جیابوونەوەو پیکهاتنی دەوڵەت و ریفراندۆمن بۆ سەربەخۆیی، و نە ئەمریکاو غەرب، هەرگیزو لە هیچ شوێنێکی دنیا، بە ویستی خۆیان چوونەتە پشت هیچ جیا جیابوونەوەو سەربەخۆ بۆنێک. بۆیە ئەم دروشم و پاساوانەی جوڵانەوەی نەخێرەکان هیچ نەوتنە و رەتکردنەوەی ریفراندۆم لە ئێستاشدا نییە، بەڵکو بەو پاساوانەیان بۆ هەمیشە لەدژی ریفراندۆم و سەربەخۆیین.

جوڵانەوەی نەخێرەکان، دەڵێن نەخێری ئێمە نەخێر نییە بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەڵام لیستکردنی بیانوەکانیان هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێداوە، رەتکردنەوەیەتی بۆ هەمیشە. دەڵێن نەخێری ئێمە نەخێرە بە دەسەڵاتی تالانچی و چەتەکانی سیاسی ٢٦ ساڵی رابردوو، ئەمەش وەکو داهێنان و دەستکەوتێکی جوڵانەوەکەیان نیشان دەدەن و بەبەشێک لە جەرائەتی سیاسی جوڵانەوەکەی دەزانن، لەکاتێکدا خۆیان باش دەزانن نەخێر بۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و کارنامەکانیان، تەنانەت نا وتن و نەخێر بۆ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانیان بە حکومەتی بنکە فراوانیشەوە، زۆر دەمێکە لە لایەن خەڵکی نارازی کوردستانەوە بەرزکراوەیەوە. خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەرییەکانی ٢٠٠٦ تا دەگاتە خرۆشانی و خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١ و تا بە ئەمرۆ دەگات..

نەخیری خەڵک و تورەیی لەم دەسەڵاتە بۆتە بۆ لاپەرە ١١

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..
bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە / www.bopehsawa.net

## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو
## ٢٨/٩/٢٠١٧